# خوێندنگە نیزامیەکان، دامەزراندن و بەرەوپێشچوونیان
# (٤٥٧-٥٩٠ک/١٠٦٤-١١٩٣ز)

د.صەلاح کانەبی ئیسماعیل*                    ڕێکەوت عزیزحسن**

وشە کلیلییەکان: خوێندنگەی نیزامي، سەلجوقیەکان، خیلافەتی عەباسی، جیهانی ئیسلامي
https://doi.org/10.31271/jopss.10090

**پوختە**

دامەزراندن و بونیادنانی خوێندنگە نیزامیەکان لە ساڵی(٤٥٧ک/١٠٦٤ز) لەلایەن نیزامولمولکی وەزیری دەسەڵاتی سەلجوقیەکان، بەکۆنترین خوێندنگەی ڕێکخراو و جیا لە مزگەوت دادەنرێت، یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو خوێندنگایانە ڕووبەڕووبوونەوەی تەوژم و ڕەوتی بەهێزی شیعەگەری بووە، کەلەوکاتەدا لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیەوە ڕوویکردبووە دەسەڵات و هەژموونی خیلافەتی عەباسی، ئەمە جگە لەئامانجی پەروەردەیی و زانستی و ئامادەکردنی فەرمانبەری میری لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا،دابینکردنی پێداویستی و وەقفکردنی نیزامیەکان هۆکاری سەرەکی بەردەوامی و سەربەخۆبوونی ئەو خوێندنگایانەبوون، نیزامیەی بەغداد ناوەند و سەرەکی ترینی ئەو خوێندنگایانە بووە، زۆربەی زانایانی سونە لەسەر ڕێچکە جیاوازەکان ئارەزوویاندەکرد ببنە مامۆستا لەو خوێندنگایەدا، خوێندنگە نیزامیەکان لەزۆربەی ناوچەو شارە جیاوازەکانی جیهانی ئسلامیدا دامەزراون و گرنگیان پێدەدرا،قورئان ناوەندی سەرەکی خوێندن بوو لەگەڵ بابەتەکانی تری زانستی ئیسلامی و پاشان گرنگی درا بە بابەتەکانی وەك(پزیشکی و بیرکاری) و زۆرزانستی دیکەی گەردووناسی و کۆمەڵایەتی، مێژوونووسان نیزامولمولکی وەزیری سەلجوقیەکان بەیەکەم کەس دادەنێن کە خوێندنگەی لە جیهانی ئیسلامیدا دامەزراندووە، هزری ئەم خوێندنگایانە جۆرێك لەبیری دیاریکراوی لەسەر مەزهەبی سونی و ڕێچکەی شافیعی و ڕەوتی ئەشعەری بەرهەمهێنا کە کاریگەریکانی لەمێژوو و ئێستاشدا بەڕوونی دیارن.

**الملخص:**

**المدارس النظامية، نشأتها وتطورها (٤٥٧-٥٩٠هـ/١٠٦٤-١١٩٣م)**

إن تأسيس المدارس النظامية عام (٤٥٧ك/١٠٦٤ز) من قبل نظام الملك بوصفه وزيرا للسلطة السلجوقية، يعد أقدم مدرسة، منظمة مستقلة بنفسها عن المسجد، وأن أحد أهدافها الأساسية هو

* پرۆفیسۆری لە بەشی مێژوو/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/زانکۆی سلێمانی/ کوردستان
salah.ismail@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر/بەشی مێژوو/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/زانکۆی سلێمانی/ کوردستان

الوقوف بالحد أمام تيار التشيع ومسارهم، الذي حينها يتوجهون صوب السلطة وهيمنة الخلافة العباسية، ولا شك أنه أصبح وجود أهداف تربوية وعلمية وتأهيل موظفين حكوميين في كافة المؤسسات والدوائر المعنية بالدولة فضلا عن توفير احتياجات و وقف النظاميات، عاملا أساسيا لاستدامة تلكم المدارس واستقلاليتها. تعد نظامية بغداد من أعرق المراكز الرئيسة التي شد كثير من علماء السنة من أقصى بقاع الأرض في العالم الإسلامي رحالهم إليها، وأحبوا أن يصبحوا مدرسا فيها. لقد أُسِّست المدارس النظامية في أغلب المدن والمناطق المختلفة في العالم الإسلامي وبدؤوا يهتمون بها اهتماما لافتا، وقد كانت قراءة القرآن مركزا أساسيا للدراسة ناهيك عن موضوعات أخرى مثل العلوم الإسلامية، ومن ثم باتوا يهتمون بموضوعات كـ(الطب والرياضيات) وعلوم أخرى مثل الفلكيات والاسطرلاب والاجتماع. إن المؤرخين عدوا وزير السلاجقة نظام الملك أول شخص قام بتأسيس المدارس في العالم الإسلامي، حيث إن فكرة هذه المدارس أنتجت نوعا من الأفكار المحدودة وفق المذهب السني الشافعي الأشعري، والذي تواجد تأثيرها في التاريخ وإلى الآن فصاعدا بشكل واضح للعيان.

**Abstract**

**The Al-Nizamiyya Schools, its Construction and Development**
**(457-590 AH/1064-1193 AD)**

The founding of the regular schools in the year (457AD/1064AD) by Nizam al-Malik as the minister of the Seljuk authority, is considered the oldest school, an organization independent of the mosque, and one of its primary goals is to stand in front of the Shiite current and their path, which then they turn towards the authority and dominance of the Abbasid Caliphate. There is no doubt that the presence of educational and scientific goals and the qualification of government employees in all institutions and departments concerned with the state, as well as providing the needs and stopping the regularities, has become an essential factor for the sustainability and independence of those schools. The Nizamiyah of Baghdad is one of the main centers that many Sunni scholars from the far corners of the earth in the Islamic world traveled to, and they wanted to become a teacher there. Regular schools were established in most of the different cities and regions in the Islamic world, and they began to pay attention to them, and reading the Qur'an was an essential center for study, not to mention other subjects such as Islamic sciences, and then they began to be interested in subjects such as (medicine and mathematics) and other sciences such as astronomy, astrolabe and sociology. The historians considered the Seljuk vizier Nizam al-Mulk Gol a person who established schools in the Islamic world, Since the idea of these schools "produced a kind of limited ideas according to the Shafi'i Sunni school of poetry, whose influence has been present throughout history and now onwards is clearly visible.

## پێشەکی:

خوێندنگە لە مێژووی جیهانی ئیسلامی، دامەزراوەیەکی زانستی بابەتی وانە ئیسلامیەکان بووە، ئەم خوێندنگایانە بنیادنان و گەشەکردنیان لە ڕێگای مزگەوتەکانەوە بووە، بە جیاوازی شێوەی خوێندنی وانەکان، لە مزگەوتەکاندا هەر بابەتێکی شەرعی ئارەزوومەندی بوونایە دەخوێندرا، بەڵام لە خوێندنگەکاندا وانەکان دیاری دەکران لە چوارچێوەی خوێندنە ئیسلامیەکاندا. نیزامولمولك (٤٠٨-٤٨٥ك/١٠١٧-١٠٩٢ز) وەزیری هەردوو سوڵتانی سەلجوقی ئەلب ئەرسەلان و مەلیکشای کوڕی بووە، دامەزرێنەری ئەم خوێندنگایانەیە لەساڵی(٤٥٧ك/١٠٦٤ز)، خوێندنگاکان لەسەر هزری بنەڕەتی و مەزهەبی سەرەکی ئیسلامی دامەزرابوون، هۆکاری دامەزراندیان مەزهەبی، سیاسی، هزری، کارگێڕی، زانستی، جۆراوجۆربوون، کە لەئەنجامدا هەموویان لەبەرژەوەندی جیهانی ئیسلامی و مرۆڤایەتی کەوتنەوە. بەهۆی بوونی ململانێی سیاسی و هزری لەماوەی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەیەمی زایینیی لەنێوجیهانی ئیسلامیدا، ئەم خوێندنگایانەشی بەرەو ئەو ململانێیە بەتایبەت وەستانەوە بەڕووی ڕەوتی شیعە(ئیسماعیلی و ئیمامی) ئاراستەکرد، بۆیە بوونی ئەو ململانێیە و هاوکات دامەزراندنی خوێندنگە نیزامیەکان (المدارس النظامية) دەبنە یەکێك لە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانە. خوێندنگە نیزامیەکان بەسەرەتا و یەکەم خوێندنگە لە جیهانی ئیسلامیدا دادەنرێن، چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سەربەخۆی هەبووە جیا لە مزگەوتەکان، مامۆستای تایبەت بەخۆی و وانەی دیاریکراوی تێدا خوێندراوە هەروەها بودجە و شوێنی تایبەت بەخۆی هەبووە، ئەمەش بۆخۆی داهێنراوێکی نوێ و بەسودی نیزامولملوکی وەزیر بوو لەم خوێندنگایانەدا، کەبوونە هۆی سەربەخۆ بوونی خوێندنگاکان و ئاتاج نەبوونی مامۆستا و خوێندکارانی ئەو خوێندگایانە.

پرسیاری توێژینەوەکە، ئایا ئەو خوێندنگایانە کۆنترینی خوێندنگە ڕێکخراوە زانستیەکانن لە جیهانی ئیسلامیدا؟ ئامانجی ئەم خوێندنگانە تەنها ڕووبەڕووبوونەوەی هزری شیعە بووە؟ هەڵبژاردنی بەغداد بۆ ئەم خوێندنگانە چ گرنگیەکی هەبووە؟ هزری ئەم خوێندنگانە چ کاریگەرییەکی بۆ ئەو کات و دواتری جیهانی ئیسلامی هەبووە؟

میتۆدی توێژینەوەکە مێژوویی وەسفی شیکاریە بەپشت بەستن بەسەرچاوەی ڕەسەن و نزیك لەڕووداوەکان، مێژووی ئیسلامی بەهۆی گرنگی پێدانی قورئانی پیرۆز بە گێڕانەوە و سەرگوزشتەی گەلانی پێشوو بۆسوود و پەند لێوەرگرتنی، هەروەها گرنگی دان بەژیاننامەی پێغەمبەر(د-خ)، ئەمانە وایکردووە خەڵکانی خوێندەوار و زانا ئەو مێژووە بەوردی تۆماربکەن، سەردەمی سەلجوقیەکان و خوێندنگەکانیش لەنێویدا نووسین و بابەت گەلی زۆری لەسەرن، بۆیە ڕەنگە لەم توێژینەوەیەدا نەمانتوانیبێت بەتەواوی ئەو باس و خواسانە ڕاگەشتبێتین و تەواوی لایەنەکانی خوێندنگا نیزامیەکان شەن و کەوکەینو بیانخەینەڕوو، ئامانج لەم توێژینەوەیە سەرەتاو دامەزراندنی خوێندنگاکان و هۆکارەکانی دامەزراندنیان و میتۆد و وانەکانی خوێندن لەم خوێندنگایانە و گرنگی دامەزراندنیان بۆ جیهانی ئیسلامی بخەینەڕوو.

ئەم توێژینەوە لە سێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم: دامەزراندنی خوێندنگە نیزامیەکان (المدارس النظامية). باسی دووەم: وێستگەکانی خوێندنگە نیزامیەکان و مشتومڕ لەسەر پێشینەبوونی. باسی سێیەم: خوێندنگە نیزامیەکان، نیزامیەی بەغداد وەك گرنگترین لقیان.

# باسی یەکەم

## سەرەتای دامەزراندنی خوێندنگە نیزامیەکان و هۆکارەکانی

### تەوەری یەکەم : سەرەتای دامەزراندیان

خوێندنگاکان درێژەپێدەری خوێندنی وانە شەرعیە زانستیە ئیسلامیە جیاوازەکان بوون،[١] وانەکانی خوێندن بەچڕی خۆیان لە زانستە شەرعیەکاندا دەبینیەوە، بەتایبەت لەسەر مەزهەبی سونی لەڕووی(الفیقە)[٢] و ڕێچکەی( الاشعري) لەبارەی(اصول العقیدة) وە، گومانی تێدانیە پاشماوەی زانستیی شافیعی وەك(الفقە والاصول والعقائد وسیرتە الذاتیة) باڵی کێشابوو بەسەر پەیڕە و بەرنامەی خوێندنی ئەو خوێندنگایانەدا، نەك تەنها لەڕووی (الفیقە)ەوە، بەڵکو لەبارەی فەرمانە شەرعی و کردەییەکانیشەوە کاریگەری و ڕۆڵێکی بەرچاو و پاشماوەی دوورو درێژی لەسەر جێهێشتن،[٣]

خوێندنی زانستە جیاوازەکان لە دەرەوەی خوێندنی مزگەوتەکان لەو بیرکردنەوانەبوون لە بیری هەندێك لە خەلیفەکانی عەباسی دا هەبوون و لە وەختێکی زووتری بەرلەئەم خوێندنگە نیزامیانەوە، وەك وەرگێڕانی پەرتووکی زانستی جیاوازی بیانی لە (بیت الحکمة) سەردەمی هارونە رەشید (١٤٩-١٩٣ك/٧٦٦-٨٠٩ز) لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی / نۆیەمی زاینی دا،[٤] لەسەدەکانی دواتر بەتایبەت سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/دەیەم و یازدەیەمی زاینی ڕۆشنبیری ئیسلامی زیاتر گەشەی کرد بەهۆی وەرگێڕانی[٥] پەرتووکە بیانیەکانەوە بەتایبەت یۆنانی و هیندی، مسوڵمانانی هان دەدا لێکۆڵینەوە و نووسین بکەن، بە پاڵپشتی خەلیفە و سوڵتان و ئەوانەی زانستخوازبوون.[٦]

سەرەتای دامەزراندن و بونیادنانی خوێندنگەکان لە جیهانی ئیسلامی دا، لە ناوەڕاستی سەدەی چواری کۆچی/ دەیەمی زاینی بوون، زۆرینەیان کەوتبوونە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، هاوکاریەکی زۆر لەشێوازی وەقفدا پێشکەش بەو خوێندنگایانە و مامۆستا و خوێندکارەکانیشی دەکران،وەك بوونی دووکان و گەرماو و بازاڕی تایبەت بە موڵکی خوێندنگاکان خۆیانەوە تاوەکو دەستەبەری تێچووی خوێندن و خوێندنگەکان بکات، بەخشینەکان کاری خودی وەزیری سەلجوقی نیزامولمولك بوو، ئەو خەرجیانە لە دەیەکی داهاتی سوڵتان بوو تایبەت بوو بە وەزیر و دەیتوانی چۆنی بوێت بەو شێوەیە

---

[١] جورج مقدسي، نشأة الكليات (معاهد العلم عند المسلمين وفي الغرب)، ترجمة، محمود سيد محمد، مراجعة: محمد علي حبشي و عبدالوهاب ابراهيم ابو سليمان، ط١،مدارات للأبحاث والنشر، القاهرة-مصر، ٢٠١٥م، ص٥١.

[٢] تێگەشتنێکی قوڵ و دەرچەیەکە بەهۆیەوە دەتوانرێت مەبەست و ئامانجی وتە و کردارەکان بزانرێت.( محمد أبو زهرة، أصول الفقه، دار الفكر العربي، د، ط، د،م، ص٦)، خوای گەورەش دەفەرموێت"فما لهؤلاء القوم لايكادون يفقهون حديثا"(سورة النساء: الأية ٧٨)واتە"ئەو خەڵکە نایانەوێ و لەهیچ وتەیەك تێناگەن"(هؤلاء القوم: مەبەست جولەکە و دووڕووەکانە).

[٣] ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، المحقق، محمد عبدالقادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م ج١٦، ص٣٠٤.

[٤] ناجى معروف، نشأة المدارس المستقلة في الإسلام، د، ط، مطبعة الازهر، بغداد، ١٩٩٦م، ص٨.

[٥] عبدالمنعيم حسنين، سلاجقة إيران والعراق، ط١،مكتبة النهظة المصرية،القاهرة، ١٩٥٩م، ص١٩٥.

[٦] حسن إبراهيم حسن، تاريخ الإسلامي السياسي والديني والثقافي والإجتماعي، (العصر العباسي الثاني في الشرق ومصر و المغرب والأندلس (٢٣٢-٤٤٧هـ/ ٨٤٧-١٠٥٥م)، ط١٤،دار الجيل-بيروت،مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، ١٩٩٦م،ج٣، ص٣٣٩.

خەرجی بکات ئەویش لە دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانەدا بەخەرجی دان،[١] زۆرێك لە مێژوونووسان ئەو وەقف و بەخشینە زۆرە وەك گەورەیی و نەمری بۆ وەزیری سەلجوقی دەگێڕنەوە،[٢] ''ئەوە چاکەیەکی گەورەیە لەسەردەستی تۆ کراوە!''،[٣] تەنانەت لەکاتی بەخشینی بیرۆکەی دامەزراندنی خوێندنگەکان ئامانجی نەمری و گەورەیی ناوی خواجەی وەزیر دەخرێتە بەردەمی و ئەویش وێڕای زانستخوازی خۆی ئارەزووی لە نەمری ناو و ناوبانگی خۆی لە مێژوودا دەبێت، '' دەوترێت (أبوسعيد الصوفي) وتویەتی'' ئەی خواجە خوێندنگەیەکت لە شاری بەغداد شاری ئیسلام بۆ دادەمەزرێنم هاوشێوەی لەهیچ وڵاتێکی سەرزەویدا نەبێت، بەنەمری تاوەکو ڕۆژی دوایی ناوت پێی بمێنێتەوە''.[٤]

**تەوەرەی دووەم: هۆکاری دامەزراندنی خوێندنگە نیزامیەکان**

نیزامولمولك مەبەستی بوو ئەم خوێندنگایانە بەرەو پێش بچن و ئامانجە ئاینی و کارگێڕیەکانی خۆیان بەدی بێنن کە لەبنەڕەتەوە بۆ ئامانجی ئەو دووبوارە دامەزراندبوون، گرنگی دانی نیزامولمولك ی وەزیر بە بڵاوکردنەوەی بابەتە شەرعیەکان بەهۆی ئەوەی خۆی شافیعی مەزهەب و لەسەر ڕێچکەی ئەشعەری بوو،[٥] وەزیری بەرەو دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانە پەلکێشکرد، بەوەش خزمەتی بەشارستانیەتی ئیسلامی بەتایبەت مەزهەبی سونی کردووە، چونکە کەوتبووە بەر شاڵاو و تەوژمی بەهێزی شیعەگەریەوە، بۆیە وای دەبینی هزر و بیروباوەڕ پێویستە بچێنرێت لەڕێگای پەروەردە و فێکردن و پاککردنەوەی دەروون نەوەك بەشمشێر، نەیدەتوانی زاڵببێت بەسەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەڕووی سیاسیەوە هێندەی دەیتوانێ لەڕێگای هزر و زیندووکردنەوە و گرنگی دان بە بیری سونی لەبەرامبەر تەوژم و ڕەوتی شیعیدا بوەستێتەوە و بەرگری بکات،[٦] چونکە شیعە (بە تایبەت شیعەی ئیمامی و ئیسماعیلی) لەو کاتە و پێشووتریشدا بەهۆکاری هزری جۆراوجۆر چالاکی و هێرشیان بۆسەرڕەوتی سونە هەبووە، بەتایبەت دوای ئەوەی شیعە هەوڵی دامەزراندن و بونیادنانی دامەزاوەی زانستییان دەدا تاوەکو زیاتر گرنگی و بایەخ بە بیروباوەڕی مەزهەبی خۆیان بدەن و هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دەدا، وەك هەوڵەکەی (أبو علي بن سوار) بۆ درووستکردنی (دار الكتب) لە بەسرە و هەوڵێکی دیکەی لە شاری ڕام هورمز[٧] بۆ هەمان مەبەست.[٨]

---

[١]- القزويني، أثار البلاد وأخبار العباد، د، ط، د، م، د، س، ص٤١٢.

[٢]- ابن جبير، رحلة ابن جبير، ط١، دار بيروت، بيروت، د، س، ص٢٠٥.

[٣]- القزويني، م، س، ص ٣٤٠.

[٤]- الطرطوشي، سراج الملوك، د، ط، العربية، مصر، د، س، ص١٢٨.

[٥]- عبد الهادي، نظام الملك، ط١، الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٩م، ص٣٥٤.

[٦]- أبوالفتوح بدوي، التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الإسلامي من القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد، ط٢، دار الوفاء، المنصورة-مصر، ١٩٨٨م، ص١٧٦.

[٧]رام: لەفاسیدا واتە(ویست و مەبەست)، هورمز: مەبەست پێی یەکێك بووە لەکیسراکانساسانی، شارێکی بەناوبانگ بووە لەدەوروبەری خوزستان، خەڵکی بەگشتی پێیان وتووە(ڕامز) واتە ناوەکەیان کورتکردووەتەوە، رامهرمز یەکێك بووە لەشارەجوانەکانی خوزستان کە بە خورما و گوێز و ترنج بەناوبانگ بووە.(الحموي، معجم البلدان، ط٢، دار صادر، بيروت، ١٩٩٥، ص١٧).

[٨]- أبو الفتوح، م، س، ص١٧٦-١٧٧.

نیزامولمولك  دەیویست لەڕێگای ئامانجی ئەو خوێندنگایانەوە بیری مەزهەبی سونی بڵاوکاتەوە و توانای بەرووەدا وەستانی تەوژم و ڕەوتی هزری شیعەیان هەبێت تاوەکو ببێتە هۆی کەمبوونەوەی لایەنگری ئەو مەزهەبە و ڕێگریان لەزۆرناوچەی دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو دەستەڵاتە لێبکات، شکستی بیرو هزری فاتیمی و دەستەڵاتە سیاسیەکەی  نەیتوانی بۆماوەی ساڵێکی تەواو دەستبگرێت بەسەر بەغدای پایتەختی خیلافەتی عەباسیدا(٤٥٠ك/١٠٥٨ز)،[1] ئەو ڕووداوە زیاتر هانی دەسەڵاتی سەلجوقی و خودی خواجەی وەزیری داوە بۆ ڕێگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی ئەو جۆرە هێرش وپەلامارە بۆسەر خەلیفە و خیلافەت کە لەوپەڕی ئەفغانستانەوە تاوەکو مەغریبی دوور هێمای پیرۆزی مسوڵمانان بووە، تاوەکو جارێکی تر ڕووداوی لەوشێوەیە ڕوونەداتەوە، بۆیە پێویستبوو بابەتەکە لە بنچینەوە و بە گۆڕانکاری هزرو نەخشەیەکی نوێی مەزهەبی کار بۆ ڕێگری بیری شیعە و شیعەگەرایی بکردایە، چونکە بوونی ژمارەیەکی زۆری تەوژمەجیاوازەکان و لەنێویاندا شیعەگەرایی هۆکاری سەرەکی لاوازی خیلافەتی عەباسی بوون.[2]

سیاسەت و ئامانجی گشتی لە دامەزراندنی خوێندنگاکان لەسەردەمی سەلجوقی و نیزامیەی بەغداد بەتایبەت، دەچێتە چوارچێوەی یەك ئامانجەوە ئەویش پارێزگاری لە مەزهەبی سونی و بەهێزکردنی ڕەوتی ئەشعەری بوو، وەك بەرگ و پارێزەری دەسەڵاتی سەلجوقی دەبینران لە بەرامبەر بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی تەوژمی شیعە[3] و پێگەیاندنی خوێندکاری سونی لەبەرامبەر ئەو فێرخوازە شیعە خوێندەوارانەی هەڵگری هزری دژ بە بنەماو سیاسەتی دەوڵەتی سەلجوقی دەهاتنە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی خیلافەتی عەباسیەوە لەوکاتەدا، بەهۆی بوەیهیەکانەوە کە پێشتر

---

[1] ئاژاوەی بەساسیری لە عێراق (٤٥٠ك/ ١٠٥٨ز)، بەساسیری لە سەرکردە نزیکەکانی خەلیفەی عەباسی بوو، بانگەوازی فاتمیەکان لە نێو خەڵکدا بڵاوبوویەوە و کاریگەری کردبووە سەر هەندێك لەسەرکردەکانیش، لەوانە ئەبو حارس ئەرسەلان بەساسیری بانگەوازی هەبەتوڵا ی شیرازی کاریگەری لەسەر دانا و لەناوجەرگەی دەسەڵاتەوە کاری بۆ بەرژەوەندی فاتیمیەکان دەکرد، لە بەغداوە ڕۆشت بۆ واست و لەدوای ئاشکرابوونی مەیلی بەساسیری بۆ شیعە خەڵك کەوتنە تاڵانکردنی موڵك و ماڵەکەی لە ٤٤٧ك، دەیویست بەغدای پایتەختی خەلافەی عەباسی سونی بگۆڕێت بۆ پایتەختی خەلافەی فاتیمی شیعی، لەم پێناوەشدا هەمووتوانای سەربازی و مادی خۆی خستەگەر، بانگخوازانی فاتیمی و بەساسیری بەرژەوەندی هاوبەشیان یەکی گرت و عەباسیەکانیش هەستیان بەمەترسی هەردوولایانکرد، خەلیفە قائیم بی ئەمریلا پەنای بۆ سەلجوقیەکان برد لەپێناو ڕووبەروو بوونەوەی مەترسی بەساسیری ولە ڕێگای توغرول بەگەوە توانی ئاژاوەی ئەم سەرکردە سەربازیە دامرکێنێتەوە، لەپاش ئەوەی توانی بۆماوەی کەمترلە ساڵێك دەسەڵاتداریەتی فاتیمی شیعی لە بەغدا ڕاگەیەنێت واتا تاوەکو (٤٥١ك/ ١٠٥٩ز)، لە کۆتایدا توغرول بەگی سەلجوقی بەساسیری و پرۆژەی گۆڕینی خەلافەی سونی بۆ فاتیمی شیعی لەناوبرا و کەلە سەری بەساسیری پێشکەش بە خەلیفە قائیمی عەباسی کرد.(البغدادي، تاريخ بغداد، المحقق، بشار عواد معروف، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت-لبنان، ج١١، ص٤٧، ج١٣، ص٣٢٦؛ العمراني، الإنباء في تاريخ الخلفاء، المحقق، قاسم السامرائي، ط١، دار الافاق العربية، القاهرة-مصر، ٢٠٠١م، ص١٨٨-٣٠٣؛ ابن الجوزي،المنتظم، ج١٥، ص٣٤٣-٣٤٩؛ الكامل، ج٧، ص٧٦٢-٧٨١، ج٨، ص٢٠-١٠٩؛ النويري، نهاية الأرب في فنون الأدب، ط١، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ١٤٢٣هـ ، ج٢٣، ص٢٢٤).

[2] حسن إبراهيم حسن، م، س، ج٣، ص٣٣٩.

[3] القدحات، محمد عبدالله أحمد، الحياة الإجتماعية في بغداد في العصر العباسي الأخير، د، ط، دار البشير، عمان-الأردن، ٢٠٠٥م، ص٢٧٤.

دەسەڵاتداربوون، بۆیە ئەم خوێندنگایانە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی بوون لە کۆی ئەو خوێندنگە و دامەزراوانەی وەزیر و دەسەڵاتی سەلجوقی دایانمەزراندن لەشارە جیاوازەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی، بوونە دامەزراوەیەکی فەرمی بۆ پێگەیاندنی چینێکی خوێندەوار و تێگەشتوو، تاوەکو بەرپرسیاربن لەڕووبەڕووبوونەوەی هزری جیاواز لە هزری ڕەسەنی ئیسلامی، بەتایبەت ڕەوتی شیعی لەو کاتەدا ڕوویان لە پایتەخت و ڕۆژهەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی کردبوو.[١]

بڵاوکردنەوەی هزری سونە و بەرگری لە بەرەنگاریەکانی تەوژمی شیعەگەری ئیسماعیلیەخاڵێکی بەهێزی خوێندنگە نیزامیەکان بوو، چونکە ژمارەیەکی زۆری تەوژمە هزریەکان بەتایبەت موعتەزیلە و ئیسماعیلیەکان ڕۆشنبیری و زانیاریان کردبووە هۆکاری بەدەستخستنی ئامانجە مەزهەبیەکانیان،[٢] خواجەی وەزیر دەیویست هەمان ڕێگای هزری بگرێتەوە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

لەبارەی گرنگی دانی نیزامولملوك بەخوێندنگە و کاری زانستخوازی[٣] و ئامانجی ئەو خوێندنگایانەوە لە وتارێك کە بەدەست خەتی (إِمَام الْحَرَمَيْنِ) لە باسی ئەو وەزیرەدا نووسیویەتی"گەورەی خەڵك لایەنگری ژین و دین پەناگەی نەتەوە، بەکارهێنەری شمشێر و پێنووس، درێژە بەهاوکاری و هەوڵەکانی دەدات، هێزو ئاڵای سەرکەوتنی گرێدراوە، چەندانجار بەشدار و هەڵگری قورسایی جەنگ و بەڕێوەبەری بووە، نیگای پڕە لە شکۆمەندی هیچ ئیرادەیەکی چەمانەوە و هیچ هەوڵێکی لەوجۆرەی نەبووە، شمشێرەکانیان ڕێگاکانی مەترسی گرتووە و شانشینەکانیان بەهێزکردوە، زریانی دوژمنایەتیەکان دەسوڕێتەوە، شانشین تیغەکەی بەهێزتر دەبوو بە بەخشینەکان، بەڕاست و درووستیەکەی ئاسۆی بەوڵاتدا بڵاوەکردەوە، بەڕێنماییەڕوونەکانی پوچەڵکردنەوەی ڕەتدەکردەوە، تاریکی و نادادپەروەری ڕێك دەکردەوە، هەژاری تێکدەشکاند و پلانی ئیسلام سەلامەترینەکان و دژەکانیش خاڵی".[٤]

ئامادەکردن و پێگەیاندنی کەسانی خوێندەوار و تایبەتمەند و دامەزراندنی دەرچووی ئەو خوێندنگایانە وەك فەرمانبەری میری و پۆستە فەرمیەکانی دەوڵەت وەك دادوەری، نووسەر، بانگخواز، وتاربێژی مزگەوت، مامۆستا، جگەلەوانەش ئامانجی کارگێری و بەڕێوەبەریتیەکەی بوو.[٥]

بەهۆی گرنگی خوێندنگا نیزامیەکان و بڵاوبوونەوەیان لە زۆربەی ناوچەو ویلایەتە جیاوازەکانی خیلافەتی عەباسی (دیار بکر وعێراق، خۆراسان سەمەرقەند ئەودیو ڕووباری جەیحۆن)،[٦] گرنگیان پێ دەدرا و خەڵکی ئارەزوویان دەکرد منداڵەکانیان بۆ فێربوون ڕوو لەو خوێندنگایانە بکەن، هەرچەندە چ خوێندکار و چ مامۆستاکان مەرجی ئاینی و مەزهەبیان بۆ وەرگیران دانرابوو،بەمەش سەرچاوەی بیرو

[١] القدحات، ن، م، ص٢٧٤.
[٢] حسن إبراهيم حسن، م، س، ج٣، ص٣٣٩.
[٣] الذهبي، م، س، ج١٩، ص٩٦.
[٤] السبكي، طبقات الشافعية، المحقق، محمود محمد الطناحي، عبدالفتاح محمد الحلو، ط٢، هجر للطباعة، د، م، ١٤١٣هـ ج٤، ج٤، ص٣١٤.
[٥] حسين امين، تاريخ العراق في العصرالسلجوقي، د، ط، مطبعة الارشاد، بغداد،١٩٥٦ م، ص٢٢٥.
[٦] الطرطوشي، م، س، ص١٢٨.

هزری ئەو خوێندنگایانە لە بیری نیزامولملوکەوە هەڵدەقوڵان و جگەلە ئارەزووی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری ویستی زیادبوونی لایەنگری خۆشی لەنێوچینی خوێندەواردا هەبووە،واتە هەمووسالێکی خوێندنی نیزامیەکان تیمێکی گەورە لە زانستخوازان لەسەر بنچینەی ئەو بیرو مەزهەبەی وەزیر دەیویست دەهاتنە بەرهەم، ئەویش لەماوەی ئەو ساڵەدا داهاتێکی زۆری بە بڕی شەش سەد هەزاردینار بۆ تەرخانکردبوو، بەهۆی زۆری بڕی ئەو داهاتەوە نیزامولملوکی وەزیر ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی گەورە بویەوە لەلایەن دەسەڵاتدار و ئەفسەرانی سوپاوە" ئەو پارە دەرکراوەی لە بەیتولمال دەردەکرێت سوپایەکی پێدادەمەزرێت ئاڵاکەی لەسەر دیواری قوستەنتینیە دەچەقێنێت "،[1] وەزیر وەڵامی دەدانەوە ئەوان نوقمی ئارەزوو خۆشی دونیان و ئەویش مەبەستیەتی بەهۆی خوێندن و خوێندنگاکانەوە بگات بەخودا و خۆی لە گوناهان پاککاتەوە.[2]

خواجەی وەزیر هێندە دامەزراندنی ئەم خوێندنگایانەی بەلاوەگرنگ و ئامانجدار بوو جگە لە تێچووە ئابووریەکەی کە هەر لەسەرەتاوە بڕی شەش سەد هەزار دیناری بۆ دابینکرد، پاش تەواوبوونی هەواڵ گەشت ئەو بڕە پارەیەی تێنەچووە! واتە هێندێك زیادەڕەوی لە خەرجکردنی داهاتەکەیدا کراوە، بەڵام نیزامولملکی وەزیر ئامادەبوو لەو بڕەی کە دەیزانی بەفیڕۆدراوە چاو داخات و بێ دەنگی هەڵبژێرێت لەپێناو بەردەوامی کاری ئەو خوێندنگایانەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.[3]

جگە لەوە هەندێك سەرکێشی و کاری گرنگ و هەوڵی جیاوازی بۆ دەدا هاوشێوەیان کەم و دەگمەن بووە، وەك ئەو هەوڵەی ویستی گۆڕی ئیمامی شافیعی لە میسرەوە بگوازێتەوە بۆ خوێندنگەی نیزامیە و جۆرێك لە پیرۆزی و گرنگی زانستی ببەخشێتە ئەم خوێندنگایانە بەڵام هەوڵەکەی لەم بارەوە سەرکەوتوو نەبوو.[4]

هزری نیزامولملوك و ئەو ئامانجانەی داینابوون سەبارەت بە خوێندنگە نیزامیەکان تاڕادەیەکی باش بەدیهاتن و سەرکەوتوو بوون، خوێندنگاکانیش فرمانی خۆیان سەبارەت بەو ئامانجانە بەدی هێنا کە خۆیان دەبینیەوە لەڕوو بەرووبوونەوەی هزری و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و پێگەیاندنی فەرمانبەری شارەزای میری.[5]

---

[1]- الطرطوشي، م، س، ص١٢٨.

[2]- (وأنا أقمت لك جيشاً يسمى جيش الليل إذا نامت جيوشك ليلاً قامت جيوش الليل على أقدامهم صفوفاً بين يدي ربهم، فأرسلوا دموعهم وأطلقوا بالدعاء ألسنتهم، ومدوا إلى الله أكفهم بالدعاء لك ولجيوشك فأنت وجيوشك في خفارتهم تعيشون وبدعائهم تثبتون وببركتهم تمطرون وترزقون، تخرق سهامهم إلى السماء السابعة بالدعاء والتضرع. واتە: من سوپایەکم بۆ دامەزراندویت پێیدەوترێت سوپای شەو ئەگەر سوپاکەی تۆ شەوان نوستن سوپای شەو لەسەر پێیەکانیان بەپۆل ڕاوەستاون و لەنێو دەستی خودادان، فرمێسکەکانیان دەهاوێژن بە پاڕانەوەی زمانیان، دەستی هاوکاریان بۆلای خودایە بە پاڕانەوەکانیان بۆ تۆ و سوپاکەت تۆ سوپاکەشت لە ئێشکگری ئەواندا دەژین بە پاڕانەوەکانیان جێگیرن بە بەهرەوەریان بارانی ڕزقتان دەبارێت، تیرەکانیان ئاسمانی حەوتەم دەسوتێنێت بە لاڵانەوە و پاڕانەوەکانیان).(الطرطوشي، ن، م، ص١٢٨).

[3]- الطرطوشي، م، س، ص١٢٩.

[4]- المقريزي، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والأثار، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٨هـ ج٤، ص٣٥٨.

[5]- حسين امين، م، س، ص٢٢٥.

## باسی دووەم

## وێستگەکانی خوێندنگە نیزامیەکان و مشتومڕ لەسەر پێشینەبوونیان

### تەوەری سێیەم: بەغداد، یەکەم وێستگەی دامەزراندنی خوێندنگە نیزامیەکان

ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندنگایانە دامەزران، (ابن جبیر) لە گەشتەکەیدا ساڵی(٥٨٠ك/ ١١٨٤ز) بۆ بەغداد ژمارەی خوێندنگا نیزامیەکان بە سی خوێندنگا دەخەمڵێنێت و دەڵێت" گەورەترین و بەناوبانگترینیان خوێندنگەی نیزامیەی بەغداد بووە، شەرەفی گەورە و نەمری لە دامەزراندیان دەگەڕێنێتەوە بۆ نیزامولمولکی وەزیری سەلجوقی".[١]

نیزامیەی بەغداد یەکێك بووە لەو ژمارە خوێندنگایانەی نیزامولملك دایمەزراندوون، خوێندنگەی بەڵخ، خوێندنگەی نەیسابوور، خوێندنگەی هەرات، خوێندنگەی ئەسفەهان، خوێندگەی بەسرە، خوێنگەی مەرو، خوێندگەی ئەمەل لە تەبەرستان، خوێندنگەی تەبەرستان، خوێندنگەی موسڵ،[٢] هەروەك(ابن جبیر) ئاماژەی پێکردوە ژمارەی ئەو خوێندنگایانە لەوە زیاترە ئێمە ناویانمان هێناوە بەڵام لەسەرچاوە مێژوویەکاندا تەنها ئەو ناوانە هاتوون و زیاتر گرنگیان پێداوون کە ئاماژەمان پێکردوون.[٣]

سەرەتا بە خوێندنگەی نیزامیەی بەغدا لە مانگی (زیلحیجەی ساڵی٤٥٧ك/ کانوونی دووەم١٠٦٥ز) لە بەری ڕۆژئاوای شاری بەغداوە لە کەناری ڕووباری دیجلەوە دەستی بە دامەزراندن و بونیادنانی کرد،[٤] (الذهبي) ئاماژە بەگەورەیی ئەو خوێندنگەیە دەکات وەزیری سەلجوقی لە شاری بەغداد دایمەزراند،[٥] لە دوای نزیکەی دووساڵی تەواوو لە ڕۆژی (شەمە ١٠ی زیلقەعەدەی ساڵی ٤٥٩ك/تشرینی یەکەم ١٠٦٧ز) خوێندنگەکە بەڕووی فێرخواز و مامۆستاکانیدا کرایەوە.[٦]

بەغداد بەیەکێك لە وێستگە گرنگ و ڕپایەخەکان دادەنرێت، زانایان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بۆ فێربوون ڕوویان تێکردووە، ئەو شارە گرنگیەکی زۆری هەبووە بۆ هەر فێرخواز و زانایەك لە گەشتەکانیاندا بۆفێربوون پێوویستبوو ڕوویان لە گەورەشەرع زانەکانی ئەوسەردەمەی بەغدادی پایەتەختی خیلافەتی عەباسی بکردایە، لە ڕاستیدا ئەو شارە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار پارێزگاری لە پایەی زانستی خۆی کردوە بەو پێیەی پایەتەختی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی بووە، ناوەندی پێشکەوتنی سیاسەت و زانست و پێگەی کۆمەڵایەتی مسوڵمانان بووە، کراوە بووە بەڕووی زۆرترین ڕۆشنبیری

---

[١] رحلة ابن جبير، ص٢٠٥.

[٢] السبكي، م، س ج٤، ص٣١٣.

[٣] رحلة ابن جبير، ص٢٠٥.

[٤] الطرطوشي، م، س، ص١٢٩.

[٥] سير أعلام النبلاء، تحقيق، مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، ط٣، مؤسسة الرسالة، د، م، ط، ١٩٨٥م، ج١٩، ص٩٤.

[٦] ابن الأثير، الكامل في التاريخ، تحقيق، عمر عبد السلام تدمري، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت-لبنان، ١٩٩٧م، ج٨، ص٢١٢.

جیاواز له جیهانی ئیسلامی، بەتایبەت شارەئیسلامیەکانی ڕۆژهەڵات،بەغداد درگای بینینی جیهان بووه،(گوێم له (أبا الولید) بوو، دەیووت" (شعبة) پێی وتوم" چویته شاری بەغداد؟ وتم" نەخێر، وتی" وەك ئەوەیە دونیات نەدیتبێت".[١]

بۆیه هەڵبژاردنی بەغداد و ئەو شارانەی دیکە بۆ بونیادنان و دامەزراندنی خوێندنگاکان هەروا و لە خۆڕانەبووە، بەڵکو ئەو جێگایانەی دیاریکراوون لەڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا هەریەکەیان پێگە و گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە، وەك یەكێك لە ئامانجەکانی دامەزراندنی خوێندنگەکان دیاریکراوون،[٢] هەروەك (السبکي) ئاماژەی پێدەکات لەشار و ناوچە جیاوازەکانی خیلافەت ژمارەیەك لەو خوێندنگایانە هەبوون،[٣] بەنمونە لە بەغداد پایتەختی خیلافەتی عەباسی سونی بوونی ژمارەیەکی زۆری خوێندنگە گرنگیەکی زۆری بۆ بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری ئیسلامی هەبووە، یاخود ئەسفەهان پایتەختی پێشووتری دەسەڵاتی سەلجوقی لەسەردەمی ئەلب ئەرسەلان و مەلیکشای کوڕی لە گرنگترینی شارەکانی ئەوکاتەی جیهان و ئاوەدانیەکی فراوان و باڵەخانەی زۆریان تێدا درووستکردبوو،[٤] ناوەندی کۆبوونەوەی شیعە لەو ماوەیەدا بەسرە و نەیسابوور و تەبەرستان و جەزیرەی فوراتی بووە هەموویان پێگەیەکی گرنگیان هەبووە،[٥] دەسەڵاتی سەلجوقی مەبەستی بوو هزرو سیاسەتی دەوڵەتی پێ ئاراستە بکات و سودیان لێببینێت.[٦]

نیزامیەی بەغداد بە دایکی خوێندنگە نیزامیەکان لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی[٧] و کۆنترین خوێندنگەی شاری بەغداد و بە یەکەم ماڵ و فێرگەی زانست لە خیلافەتی ئیسلامی دادەنرێت،[٨] بەڵکو بە یەکەم خوێندنگەی درووستکراو لەلایەن نیزامولمولکی وەزیری سەلجوقیەوە لە مێژووی ئیسلامیدا دادەنرێت،[٩] ڕۆژانە نزیکەی سێ سەد خوێندکار تێیدا ئامادەی وانە خوێندن دەبوون، بۆ ماوەی سێ ساڵ دەیانخوێند پاشان ئامادەی وانە خوێندنی مامۆستا پایە بەرزەکانی وەك(الشیرازي) و(الجویني) دەکران.[١٠]

---

[١]- خطیب البغدادي، تاریخ بغداد، المحقق، بشار عواد معروف، ط١، دار الغرب الإسلامي، بیروت-لبنان، ٢٠٠٢م، ج١، ص٣٤٦.

[٢]-أبو الفتوح، م، س، ص١٧٩.

[٣]- السبکي، م، س، ج٤، ص٣١٣.

[٤]-عبدالمنعیم حسنین، م، س، ص٨٣.

[٥]- المقدسي، أحسن التقاسیم في معرفة الأقالیم، ط٣، دار صادر، بیروت-لبنان، ١٩٩١م، ص١٢٦.

[٦]-نظام الملك الطوسي، سیاست نامة، ترجمة، یوسف بکار، ط١، دار المناهل، بیروت-لبنان،٢٠٠٧م، ص٢٢٩-٢٤٥.

[٧]-أبو الفتوح، م، س، ص١٨٠.

[٨]- محمود شکري الالوسي، تاریخ مساجد بغداد واثارها، د، ط، تهذیب، محمد بهجة الأثري، مطبعة دار الاسلام، بغداد، ١٩٢٧م، ص١٠١.

[٩]- الصفدي، الوافي بالوفیات، المحقق، أحمد الارناؤوط و ترکي مصطفی، د، ط، دار إحیاء التراث، بیروت- لبنان، ٢٠٠٠م، ج١٢، ص٧٨.

[١٠]-الجویني، إمام الحرمین، (٤١٩-٤٧٨ك/ ١٠٢٨-١٠٨٥ز) (عبد الملك بن عبد الله بن یوسف بن محمد الجُوَیْني، أبو المعالي، رکن الدین، انازناوی(بإمام الحرمین) بووە،شافیعی مەزهەب بووە، لە جوین لە دەوروبەری نەیسابور لەدایك

فێربوون و وانه وتنەوه له هەر لقێك له لقەكانی خوێندنگه نیزامیەكان هێنده گرنگ و جێگا بایەخی هەمووان بوو بەتایبەت نیزامیەی بەغداد هەندێك لەزاناو پەروەردەكاران ئامادەی گۆڕینی مەزهەب و ڕێچكەی خۆیان بوون تاوەكو بتوانن وانەی تێدا بڵێنەوه و ئەو پێگه گرنگه بەدەست بێنن وەك (الوجيه النحوي ت: ٦١٢ك- ١٢١٥ز) لەسەر مەزهەبی حەنەفی بوو گۆڕی بۆ شافیعی چونكه مەرجی وانه وتنەوه بوو،[١] یاخود هەندێكیان لەكاتی وتار و ئامۆژگاری و وانەوتنەوەكانیاندا مەیلی بیر و مەزهەبی نیزامولمولكی وەزیریان دەكرد وەك (أَبُو الْقَاسِمِ الْبَكْرِيُّ) (٤٧٥ك/١٠٨٢ز) له وتارێكی له نیزامیەی بەغداد ڕەخنەی له حەنبەلیەكان گرت، وتی''وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا،[٢] ، ''سوێندبەخوا ئەحمەد كوفری نەكردووه بەڵكوهاوەڵانی كردویانه''.[٣]

نیزامولمولك نەك له دیاریكردنی شوێنه جوگرافیەكان بەڵكو لەهەڵبژاردنی مامۆستاو ئەوكەسانەی وانەیان تێدا دەوتەوه به وریای و لێهاتووانەوه كاری دەكرد و بەتوانایی ئەو لەوبوارەشدا دەردەكەوێت،[٤] لەسەرەتاوه دەیویست (أبو إسحاق الشيرازي) وانەی تێدا بڵێتەوه چونكه نیزامولمولك لەبەر ئەو زانا گەورەیه خوێندنگەكەی كردەوه[٥] و مەبەستیشی بوو ئەو بەڕێوەبەری خوێندنگەكه بێت، چونكه دەیزانی ئەو لەو زانا سۆفیانەیه شوێنكەوته و هەوادارێكی زۆریان لەو سەردەمەدا هەیه،[٦] بۆیه بووبوویه نیشانه و كەوتبووه نێو دووربینی وەزیری سەلجوقی، وێڕای چاوەڕوانیەكی زۆر

بووه، بۆ خوێندن ڕوویكردوەته بەغداد و مەككه و مەدینه، له كۆتایدا گەڕاوەتەوه نەیسابور و خواجەی وەزیر خوێندنگەیەكی لەوێ بۆ بونیاد ناوه، زۆرێك له زانایان ئامادەی كۆڕ و وانەكانی بوون، دانراو نووسینی زۆری هەن(غياث الأمم والتياث الظلم، العقيدة النظامية في الأركان الإسلامية، البرهان في أصول الفقه، نهايةالمطلب في دراية المذهب في فقه الشافعية، اثنا عشر مجلدا، الشامل في أصول الدين، على مذهب الأشاعرة، الإرشاد في أصول الدين، الورقات في أصول الفقه، مغيث الخلق) هەر له نەیسابور كۆچی دوایی كردووه.(الزركلي، الأعلام للزركلي، ط١٥، دار العلم، د، م، ط، ٢٠٠٢م، ،ج٤، ص١٦٠).

[١] ابن كثير، البداية والنهاية، تحقيق، عبدالله بن عبد المحسن التركي، ط١، دار هجر، ١٩٩٧م، ج١٦، ص٧٢٦.

(أَلَا مُبْلِغٌ عَنِّي الْوَجِيهَ رِسَالَةً وَإِنْ كَانَ لَا تُجْدِي لَدَيْهِ الرَّسَائِلُ
تَمَذْهَبْتَ لِلنُّعْمَانِ بَعْدَ ابْنِ حَنْبَلٍ وَذَلِكَ لَمَّا أَعْوَزَتْكَ الْمَآكِلُ
وَمَا اخْتَرْتَ رَأْيَ الشَّافِعِيِّ تَدَيُّنًا وَلَكِنَّمَا تَهْوَى الَّذِي هُوَ حَاصِلٌ
وَعَمَّا قَلِيلٍ أَنْتَ لَا شَكَّ صَائِرٌ إِلَى مَالِكٍ فَافْطِنْ لِمَا أَنْتَ قَائِلُ؟

(كێ ئەم پەیامەی من ئەگەیەنێته وەجیه هەرچەنده پەیامەكەش سودی نیه
چویته سەر ڕێبازی (ابوحنيفة النعمان) لەپاش (ابن حنبل) كاتێك برسیەتی تەنگی پێهەڵچنیت
بۆچوونی شافیعیت هەڵنەبژارد لەپێناو ئاینداری بەڵكو شوێن ئارەزووكەوتی
بێگومان ماوەیەكی دیكه هەمدیس ڕێبازت ئەگۆڕی بۆسەر مالیك بۆیه وریای وتەكانت به

(ابن كثير، ن، م، ج١٦، ص٧٢٦).

[٢] البقرة، الاية ١٠٢.( سولەیمان كوفری نەكرد بەڵكو ئەهریمەنەكان كردیان).

[٣] ابن الاثير، م، س، ج٨، ص٢٨٢.

[٤] عبدالهادي، م، س، ص٣٥٦.

[٥] الزركلي، م، س، ج١، ص٥١.

[٦] السبكي، م، س، ج٤، ص٢٣٤.

له‌ڕۆژی كردنه‌وه‌ی خوێندگه‌كه‌دا به‌ڵام شیرازی سه‌ره‌تا نه‌هات به‌ده‌م داواكاری وه‌زیره‌وه‌، چونكه شیرازی پێی وابوو پارچه‌زه‌وی دامه‌زراندن و بونیادنانی ئه‌و خوێندنگایه له‌لایه‌ن وه‌زیره‌وه زه‌وتكراوه‌،[١] (ان أرضها مغصوب!)[٢] بۆیه (أبي نصر ابن الصباغ)[٣] ی به‌پله‌ی مامۆستا له خوێندنگه‌كه دامه‌زارند و بوو به یه‌كه‌م مامۆستای خوێندنگه‌ی نیزامیه‌ی به‌غداد،[٤] تا ئه‌و كاته‌ی (أبو اسحاق الشيرازي)[٥] به‌ده‌م بانگه‌وازه‌كه‌یه‌وه هات، ئه‌مه‌ش له‌دوای بیست ڕۆژ له كردنه‌وه‌ی خوێندنگه‌كه بوو،[٦] هۆكاری گه‌ڕانه‌وه‌ی شیرازی به‌هۆی ئاگاداركردنه‌وه‌ی خوێندكاره‌كانی بوو ئه‌وانه‌ی له‌مزگه‌وت وانه‌یان لاده‌خوێند كه ئه‌گه‌ر نه‌یت بۆ نیزامیه‌و له‌وێ وانه‌یان پێنه‌ڵێته‌وه ئه‌وا ده‌ستبه‌جێ ده‌چنه لای (إبن الصباغ) بۆ وانه خوێندن، بۆیه ئه‌ویش ئاماده‌یی ده‌ربڕی وه‌ك مامۆستای نیزامیه ده‌ست به‌وانه‌وتنه‌وه بكات،[٧] پاشان وه‌ك مامۆستای خوێندنگه‌كه مایه‌وه و به‌رده‌وام بوو تاوه‌كو كۆچی دوایی كرد.[٨]

خوێندنی وانه‌كان له خوێندنگه نیزامیه‌كاندا به‌شی جیاواز و تایبه‌ت بوون به‌وانه شه‌رعیه‌كان، وه‌ك به‌شێك بۆخوێندنه‌وه و توێژینه‌وه‌ی قورئان، به‌شێك بۆ فێربوونی(الفيقه والاصول) یه‌كێكی دیكه بۆ خوێندنی فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر(د-خ) و ئامۆژگاری، لقی دیكه‌یان هه‌بوو بۆ خوێندنی زمانی عه‌ره‌بی و شێوه‌كانی، له‌به‌ركردنی ته‌واوی قورئان به خوێندن و نوسین و زانینی نه‌حو مه‌رجی سه‌ره‌كی مامۆستایانی ئه‌و خوێندنگایانه‌بوون،[٩]

قورئان ناوه‌ندی سه‌ره‌كی خوێندن بوو، بابه‌ته‌كانی دیكه به‌ده‌وری ئه‌ودا ده‌سوڕانه‌وه‌، ته‌واوی زانایان و مسوڵمانان كۆكبوون قورئان و فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر(د-خ) كلیلی درگای خوێندن بووه بۆ خوێندكارانی تازه پێگه‌شتوو، گرنگترینی ئه‌و وانانه‌ی له خوێندنگه نیزامیه‌كاندا خوێندراون (علوم

---

[١] ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، مراجعة، سهيل زكار، ط١، دار الفكر، بيروت-لبنان، ١٩٨١م، ج٣، ص٥٨٠.

[٢] القزويني، م، س، ص٢٣٨.

[٣] ابن الصباغ(٤٠٠-٤٧٧ك/ ١٠١٠-١٠٨٤ز)(عبد السيد بن محمد بن عبد االواحد، أبو نصر، ابن الصباغ)، فه‌قیهێكی شافیعی، خه‌ڵكی به‌غداد بووه‌، له‌دایك بوون و مردنیشی هه‌ر له‌و شاره‌بووه‌، یه‌كه‌م مامۆستای خوێندنگه‌ی نیزامیه‌ی به‌غداد بووه‌، له كۆتایی ته‌مه‌نیدا نابینا بووه‌، (الشامل) ی له فیقهدا و (تذكرة العالم) و (العدة) له ئسوڵی فیقهدا هه‌یه‌.(الزركلي، م، س، ج٤، ص١٠).

[٤] السبكي، م، س، ج٥، ص١٢٤.

[٥] الشيرازي، (٣٩٣-٤٧٦ك/ ١٠٠٣-١٠٨٣ز) إبراهيم بن علي بن يوسف الفيروز أبادي الشيرازي، أبو إسحاق، زانای پایه به‌رز، له فه‌یروز ئاباد له (وڵاتی فارس) له‌دایك بووه‌، ڕۆشتووه بۆ شیراز و لای مامۆستایانی ئه‌وێ خوێندویه‌تی، پاشان ڕوویكردوه‌ته به‌سره و به‌غداد ساڵی ٤١٥ك له‌وێ كۆتایی هێناوه به‌و پرۆسه‌ی خوێندنه‌ی كه ده‌ستی پێكردبوو، توانای ده‌ركه‌وت له‌بواری زانستی شه‌رعی ئیسلامیدا، مه‌رجه‌عی خوێندكاران و موفتی سه‌رده‌می خۆی بوو، به‌ناوبانگ بوو له به‌هێزی و به‌ڵگه‌داری له گفتوگۆ و كۆڕه‌كانیدا.(الزركلي، م، س، ج١، ص٥١).

[٦] ابن خلكان، وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان ، المحقق: إحسان عباس، ط١، دار صادر، بيروت، ١٩٠٠م، ج٣، ص٢١٨.

[٧] ن، م، ج٣، ص٢١٨.

[٨] ابن العماد، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تحقيق، محمود الأرناؤوط، ط١، دار إبن كثير، دمشق، بيروت- لبنان، ١٩٨٦م، ج٥، ص٣٢٤.

[٩] محمد منير مرسي،التربية الإسلامية، د، ط، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٩٠.

القرأن،[١] تفسير القرأن الكريم،[٢] علم الحديث،[٣] الفقه،[٤] الاصول،[٥] علم الكلام،[٦] النحو،[٧] الأدب، علم الفرائض[٨]).

هەر لەسەرەتاوە خوێندكار پێویستبوو پەرژینێكی كورت لە پیتە قورئانیەكان بەدەوری خۆیدا بكێشێت و پێیاندا سەركەوێت بەرەو بیروباوەڕی ئەهلی سونە و جەماعە پاشان (اصول) و ئەو بابەتانەی دیكەی زانستی ئیسلامی.[٩]

**تەوەری چوارەم**

**ئایا خوێندنگە نیزامیەكان بەسەرەتاو كۆنترینی خوێندنگە لەجیهانی ئیسلامیدا دادەنرێن؟**

زۆرێك لە مێژوونووسان پێیان وایە نیزامولمولك وەزیری سەلجوقی یەكەم كەسە خوێندنگەی لە جیهانی ئیسلامیداكردوەتەوە، وەك(ابن خلكان)، (ئەو(نیزامولمولك) یەكەم كەسە خۆێندنگەی

[١]علوم القرأن، لەڕووی زمانەوانیەوە بریتیە لەوجۆرە زانستانەی كە دەگەنەوە بە قورئانی پیرۆز، لەڕووی واتاوە مەبەست پێی وەرگرتنی زانستی شەرعیە لە قورئانەوە.(عتر الحلبي، علوم القرأن الكريم، ط١، مطبعة الصباح، دمشق-سورية، ١٩٩٣، ص٧.)

[٢]علم التفسير: ڕوونكردنەوەی شتێك و خستنەڕووی واتاكەیەتی، زانستێكە مسوڵمانان بۆ تێگەشتن لە ئایەتكانی قورئان گرنگیان پێداوە.(يحيى محمد نبهان، معجم مصطلحات التأريخ، ط١، يافا للنشر والتوزع، عمان-اردن، ٢٠٠٧، ص١٩٨.)

[٣]علم الحديث: تایبەت بە گێڕانەوە، زانستێكە گواستنەوەی فەرموودەكانی پێغەمبەر(د-خ) و كردارەكانی، گێڕانەوەكانی، ڕێكخستنەكانی، بژاركردنی وتەكانی دەگرێتەوە.(السيوطي، تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، د، ط، تحقيق، أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة، د، م، ، ج١، ص٢٦-٢٧).

[٤]الفقه: بریتیە لە زانستی یاسا شەرعیە كارپێكراوە بەدەستهاتووەكان لە بەڵگە جیاكراوە وردەكانی.(الإسنوي، التمهيد في تخريج الفروع على الأصول، ط٢، تحقيق، محمد حسن هيتو، مؤسسة الرساله، بيروت-لبنان، ص٥٠)؛الفقه: لەڕووی زمانەوانیەوە: تێگەشتنێكی ڕەهایە چ دیار بێت یاخود پەنهان و شاراوە، لەڕوی زاراوەوە: هاوواتای دەربڕی(الشرع)ە، زانیاریە لەهەموو ئەوەی لای خوداوە هاتووە.(وزارة الأوقاف والشؤن الإسلامية-الكويتية، الموسوعة الفقهية، ط٢، طباعة ذات السلال، الكويت، ص١١-١٢).

[٥]الاصول: لە(شرح الطحاوية) بە پیرۆزترین زانستی ئاینی ناوی دەبات، ئەگەر پیرۆزی زانست بە پیرۆزی زانراوبێت، هەروەها بە فیقی گەورەترین لەچاو فیقی لقەكاندا دایدەنێت(الفقه الاكبر)، بریتیە لە شەریعەتێكی گەرەنتیكراو(المتظمنة) بۆ ڕێگری و فەرمانەكانی.(أبي العز الحنفي، شرح العقيدة الطحاوية، ط١، تحقيق، أبو عبدالله مصطفى، دار إبن رجب، د، م، ص١٧)

[٦]علم الكلام: زانستێكە بەرگری لە بیروباوەڕ(العقيدة)ی ئیسلامی دەكات بە بەڵگەی ژیری و وەڵامدانەوەی لەڕێ دەرچووەكان لەبیروباوەڕ.(إبن خلدون، تاريخ إبن خلدون، ج١، ص٥٨٠).

[٧]النحو: شیكردنەوەی گوفتار(الكلام) ی عەرەبیە، نەحو مەبەست و ڕێگایە دەشێت دەم (كات) یاخود ناوێك بێت(نحوت نحوك أي قصدت قصدك).(ابن منظور، لسان العرب، ط٣، الحواشي، لليازجي وجماعة من اللغويين، دار صادر، بيروت-لبنان، ج١٥، ص٣٠٩).

[٨]علم الفرائض: زانستێكە پەیوەندی بەكاروباری میرات مال و موڵكی مردوە و دابەشكردنی لە نێوان پێشیاوەكانیدا هەیە.(النووي، روضة الطالبين وعمدة المفتين، ط٣، تحقيق، زهير الشاويش، المكتب الاسلامي، بيروت-دمشق-عمان، ج٦، ص٣).

[٩]الشيزري، نهاية الرتبة في طلب الحسبة، د، ط، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر-القاهرة، ص١٠٣.

دامەزراند و خەڵکیش شوێنی کەوتن).[١]

هەندێکی دیکەی وەك(السبكي) بە پێچەوانەی ڕای زۆرێك لە مێژوونووسانەوە و بەو پەڕی ڕێزەوە ڕای پێچەوانەی (الذهبي) ی دێنێت " گەورەمان زەهەبی گومانی وابووە"، بڕوای وایە وەزیری سەلجوقی یەکەم کەسە خوێندنگەی دامەزراندووە، (السبكي) دەڵێت"بەوجۆرە نیە"، بەڵکو خوێندنگەی (البيهقية) لە نەیسابوور پێش لەدایك بوونی نیزامولمولك هەبووە، خوێندنگەی (السعدية) (الْأَمِير نصر بن سبكتكين) برای سوڵتان مەحمود هەر لەنەیسابوور بونیادی ناوە، خوێندنگەی سێیەمیش دیسان لە نەیسابوور (أَبُو سعد إِسْمَاعِيل بن عَليّ بن الْمثنى الإستراباذي) بانگخواز سۆفی و گەورەی وتاربێژان بونیادی ناوە، (أبي إِسْحَاق الإسفرايني) چوارەم خوێنگەی لە نەیسابوور کردوەتەوە.[٢]

(المقريزي) پێی وایە لەسەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیشیانەوە خوێندنگە نەبووە، بەڵکو کاری ئەو خوێندنگایانە لە چوارسەد ساڵ لە دوای ڕووداوی کۆچەوە دەستی پێکردوە، بۆ یەکەم جاریش خوێندنگە لەلایەن خەڵکی نەیسابوورەوە دامەزراوە، کە خوێندنگەی (البيهقية) بووە، ئەم مێژوونووسەش بەهەمان شێوەی (السبكي) ناو و شوێنی خوێندنگەکان دێنێت و ڕیزیان دەکات.[٣]

تۆماری دیکەی مێژوویی زۆرن ئەوە دەخەنەڕوو خوێندنگە لە جیهانی ئیسلامیدا لەسەردەمێکی زووترەوە دامەزراوە، (أبو حاتم بن حبان)لەماڵێکدا خۆی نەخشەی کێشابوو پەرتوکەکانی کۆکردەوە وکردنی بەخێر و بەخشی(وەقفیکرد)،[٤] ئەم ئەبو حاتەمە، بەهەمانشێوە (ياقوت الحموي) ئاماژەی پێدەکات" نووسراو و پەرتووکی لە ماڵەکەی خۆیدا کۆکردوەتەوە و بێ بەرامبەر خستونیەتیەڕوو بۆ سوودلێوەرگرتنیان"[٥] لە (٣٥٤ك/٩٦٥ز)[٦] کۆچی دوایی کردوە، ئەم کات و بەروارەش هێمایە بۆ لەپێشتربوونی خوێندنگە،هەرچەندە ماڵەکەی ئەبوحاتەم وەك گەنجینەی پەرتووك بووە نەك لەشێوازی خوێندنگە و بەوجۆرەی کە دواترو لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا درووستکراوە، بەڵام (أبو عبدالله الحاكم) دەڵێت" ماڵی ئەبو حاتەم ئەو خوێندنگەیە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ هەیە و جێگایەکیش بووە بۆ ئەوانەی خەڵکی ئەوێ نەبوون و غەریب بوون، بۆ خوێندنی فەرمودە و وانە شەرعیەکان هاتوون"،[٧] خەتیبی بەغدادی بۆخۆی ئاماژە بە گرنگی ئەو نووسرا و پەرتوکانە و پێویستی لەبەر گرتنەوەیان دەکات، تاوەکو ئەوانەی زانست خوازن ململانێی فێربوونی بکەن و بیانووسنەوە و

---

[١] ابن خلكان، م، س، ج٢، ص١٢٩.

[٢] السبكي، م، س، ج٤، ص٣١٣-٣١٤.

[٣] المقريزي، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ١٤١٨هـ ج٤، ص١٩٩.

[٤] الخطيب البغدادي، الجامع لأخلاق الراوي وأداب السامع، تحقيق، محمود الطحان، د، ط، مكتبة المعارف-الرياض، د، س، ج٢، ص٣٠١.

[٥] معجم البلدان، ج١، ص٤١٨.

[٦] ناجى معروف، م، س، ص٧.

[٧] الحموي، معجم البلدان، ط٢، دار صادر، بيروت- لبنان، ١٩٩٥م، ج١، ص٤١٨.

له لەناوچوون بیانپارێزن.[١]

هۆکاری ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسان خوێندنگەی نیزامیە بە کۆنترین خوێندنگە و نیزامولمولکی وەزیری سەلجوقی بەیەکەم کەس دادەنێن خوێندنگەی لە جیهانی ئیسلامیدا دامەزراندووە، ئەوەیە بۆیەکەم جار لەم خوێندنگایانەدا وانە شەرعیەکان بەشێوازێکی دیاریکراو و لەچوارچێوەیەکی زانستی ڕێکخراودا خوێندراون، هەروەها مامۆستای تایبەت و بودجەی[٢] تایبەتی بۆ تەرخانکراوە مووچەی بۆ مامۆستاکان بڕیوەتەوە، جگە لە ئەرکی فێرکردن شوێنی مانەوەی بۆ خوێندکارەکانی دابین دەکرد بەتایبەت ئەوانەی لە ناوچە دوورەکانەوە دەهاتن بۆ فێربوون،[٣] (ابن جبير) ئاماژە بۆ زۆری وەقف بۆ ئەو خوێندنگایانە لە بەغداد دەکات، هەروەها بوونی موڵکی زۆری ئەم خوێندنگایانە و بەخششێکی زۆر بۆ خوێندکار و مامۆستاکانی و بەجێهێنانی هەر داواکارییەك کە هەیانبووبێت،[٤] تەواوی پێداویستیەکانیانی دابین کردوە لە خواردن و پێداویستیەکانی دیکەی خوێندن بۆئەوانەی خوێندکار و خەڵکی زانستخوازی ئەو خوێندنگایانە بوون،[٥] (القزويني) نیزامولمولك بەیەکەم کەس دادەنێت ئەم داهێنراوە باشەی داهێناوە،[٦] واتە دیاریکردنی داهات بۆ خوێندنگە و پێداویستسەکانی.

یەکەم دامەزراوەی پەروەردەیی فەرمیە دەسەلات و دەوڵەت نەخشەو پلان بۆ وانە و بابەتی خوێندراویان بکێشێت، جگە لە پەیڕەو پڕۆگرام ئامانجی بۆ دیاریدەکردن، جێگیرکردنی هەندێك یاسای نوێ تایبەت بە ڕێکخستنی وانەوتنەوە و ئامادەکردنی هۆ و پێناوی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها دەستگرتن بەسەر ئەو ئاژاوە و بێ سەرەوبەرە زانستیەی پێشترهەبوون،[٧] جگە لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی مەرجی بوون بە مامۆستا و خوێندکارەکان لەو خوێندنگایانە و دیاریکردنی سەرچاوەی داهاتیان.[٨]

بەشێوازێکی سەربەخۆ و جیا لە مزگەوتەکان وانەی تێدا خوێندراوە، خەڵك بەگشتی حەزیانکردوە تێیدا بخوێنن، چ لە عێراق یاخود خۆراسان یان وڵاتی ئەو دیوو ڕووبار و جەزیرە و دیاربەکر و تەواوی ناوچەکانی خیلافەتی ئیسلامی بەتایبەت بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.[٩]

بەهەمان شێوە (السبكي) بەهۆی زاڵبوونی ئەو گومانەی نیزامیەی بە غداد بەیەکەمین خوێندنگە

---

[١] أبي حاتم، العلل لابن أبي حاتم، تحقيق، فريق من الباحثين، ط١، مطابع الحميضي، د، م، ٢٠٠٦م، ج١، ص٣٧.
[٢] ابن جبير، م، س، ص٢٠٥.
[٣] القدحات، م، س، ص٢٧٦.
[٤] م، س، ص٢٠٥.
[٥] الطرطوشي، م، س، ص١٢٨.
[٦] م، س، ص٤١٢.
[٧] محمد أسعد طلس، التربية والتعليم في الإسلام، د، ط، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة-مصر، ٢٠١٤م، ص١١٠.
[٨] أبو الفتوح، م، س، ص١٧٦.
[٩] المقريزي، م، س، ج٤، ص١٩٩.

دادەنرێت دەباتەوە سەر ئەو ڕایەی ئایا پێش ئەو خوێندنگاكان بەو جۆرە ڕێكخراوە و بوونی وانەی زانستی و هەبوونی مامۆستای دیاریكراو بودجەی سەربەخۆ كاری كردوە؟ بۆیە وێڕای ئەو خوێندنگایانەی ئەم مێژوونووسە ناو شوێن و كەسی دامەزرێنەریشی هێناون دەستەوسان دەوەستێتەوە و بەسەركەوتنی گوومانی ئەوەی یەكە م و كۆنترین خوێندنگەی ڕێكخراو خوێندنگاكانی نیزامولمولكی وەزیری سەلجوقین.[١]

نیزامولمولك سوربوو لەسەر ئەوەی پێویستە مامۆستاكان شافیعی مەزهەب و لەسەر ڕێچكەی ئەشعەری بن، چونكە ڕێچكەی دڵخوازی وەزیر خۆی بوو، "مەرجە و تێیدایە لەسەر مەزهەبی شافیعی بن بە بنچینە و لقیەوە"،[٢] (أبي شامة) دەڵێت"خوێندنگاكانی بۆ شافیعی مەزهەبەكان بونیاد نابوو".[٣]

لە (٤٦٩ك/١٠٧٦ز)[٤] لە بەغداد ئاژاوەیەك لە نێوان هەردوو مەزهەبی ئەشعەری و حەنبەلی درووست بوو (أبا اسحاق الشيرازي) مامۆستای نیزامیە لە نامەیەكدا داوای هاوكاری و بەدەمەوە چوونی وەزیری سەلجوقی دەكات،[٥] پاشان وای لێهات مامۆستاكانی خوێندنگەی نیزامیە لەوتارەكانیاندا بەئاشكرا دژایەتی حەنبەلیەكانیان دەكرد و وەزیریشیان بۆ ئەو دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەیە هاندەدا و ڕایانگەیاند پێویستە وەزیر لێیان بێدەنگ نەبێت،[٦] لەم بارەیەوە نووسەری پەرتووكی (الأزمة العقيدية بين الأشاعرة وأهل الحديث)[٧] بۆچونێكی مام ناوەندی و بێلایەنی وەزیر دەخاتەڕوو لە وەڵامی نامەی شیرازی مامۆستای نیزامیەدا كەداوای هاوكاری و بەدەمەوەچوونی زیاتری وەزیری كردووە بەڵام وەزیری سەلجوقی وەك دەسەڵاتدارێكی دادپەروەر وەڵامی دەداتەوە" سیاسەتی پادشا ئامانجی دادپەروەریە لە نێوان خەڵك نەك ئارزووی بۆ مەزهەبێك بەبێ ئەوانی تر "،[٨] ئەمەش بەڵگەی ویستی نیزامولمولكە بۆپاراستنی جیهانی ئیسلامی بەتایبەت ڕێچكەجیاوازەكانی نێو پەیڕەوی سونە.

هیچ دەق و بەڵگەیەك نیە ئاماژە بەبوونی ئەو جۆرە خوێندنگایانە و شێوازەی نیزامیەكان تاوەكو سەدەی چوارەم و پێنجەمی كۆچی/دەیەم و یازدەیەمی زاینیی بكات،[٩] كە بوونی خوێندنگا لە میسر و ڕۆژئاوای ئیسلامی بسەلمێنێت، (ابن خلكان) مێژووی دامەزراندنی خوێندنگە لە میسر

[١] السبكي، م، س، ج٤، ص٣١٤.

[٢] ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تحقيق، محمد عبدالقادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م، ج١٦، ص٣٠٤.

[٣] الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، المحقق، إبراهيم الزيبق، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان، ١٩٩٧م، ج١، ص٩٩.

[٤] ابن الاثير، ن، م، ج٨، ص٢٦١.

[٥] السبكي، م، س، ج٤، ص٢٣٤-٢٣٥.

[٦] خالد كبير علال، الأزمة العقيدية بين الأشاعرة وأهل الحديث خلال القرنين ٥-٦ الهجريين(مظاهرها، أثارها، أسبابها، والحلول المقترحة لها، ط١، دار الإمام مالك، البليدة-جزائر، ٢٠٠٥م، ص١٧٥.

[٧] (قەیرانی عەقیدە لە نێوان ئەشعەریەكان و فەرموودەناسەكان).

[٨] خالد كبير م، س، ص١٧٦.

[٩] محمد أسعد طلس: م، س، ص١٠٩.

دەباتەوە دواتر و ئاماژەدەکات تاوەکو سەردەمی سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی میسر خوێندنگەی لێنەبووە،" کاتێك سوڵتان سەلاحەدین بووە فەرمانڕەوای وڵاتی میسر هیچ خوێندنگایەکی تێدا نەبوو".[١]

دواتر ئەم خوێندنگایانە و دامەزراندیان گەشتە میسر هەرچەندە ئەوێ لەژێردەسەڵاتی خەلیفەی فاتمیەکاندابوو، مەزهەبیان پێچەوانەی مەزهەبی خوێندنگا نیزامیەکان بوو،[٢] "مەزهەبی وڵاتی میسر مەزهەبی ئیمامی بوو".[٣]

یەکەم جار وانە وتنەوەی خوێندنگە لەسەردەمی خیلافەتی (العزیز بالله نزار بن المعز)(٣٣٤-٣٨٦ك/٩٥٥-٩٩٦ز) و وەزارەتی (یعقوب بن كلس)(٣٦٥-٣٨٠ك/٩٧٥-٩٩٠ز)[٤] لە خوێندنگەی ئەزهەر لە سەر مەزهەبی خۆیان واتە شیعە خوێندرا،[٥] هەروەها لەشاری فوستاتی میسر و (دار العلم) لە قاهیرە بەهەمانشێوە وانە فیقیەکان لەسەر مەزهەبی شیعەی تێدا دەخوێندران تاوەکو ئەو کاتەی دەوڵەتی فاتیمی شیعی لەسەر دەستی سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی کۆتایی هات و مەزهەبی شیعەش وەك مەزهەبی دەسەڵاتدار لە میسر دوایی هات و تێیدا هەردوو مەزهەبی شافیعی و مالیکی پەیڕەو کران، جگە لە میسر لە دیمەشق و حەلەب لەسەر ئەو دوو مەزهەبە خوێندنگە کرانەوە، لە سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەیەمی زاینی بەدواوە خوێندنگە لەسەر دەستی سوڵتان سەڵاحەدینی کوردی کرانەوە،[٦] یەکەم خوێندنگەی نوێ لە میسر خوێندنگەی(الناصرية) لە تەنیشت مزگەوتی (العتيق) بوو، دواتر خوێندنگەی (القمحية) (السيوفية)[٧] لە قاهیرە کرانەوە، پاشان کوڕ و نەوەکانی سەڵاحەدین، بەهەمان ڕێچکەی سوڵتان، لە زۆر شوێنی میسر و شام و جەزیرە[٨]، درێژەیان بە کردنەوەی خوێنگەکان داوە.[٩]

---

[١] م، س، ج٧، ص٢٠٦.

[٢] المقريزي، م، س، ج٤، ص١٩٩.

[٣] ابن خلكان، م، س، ج٧، ص٢٠٦.

[٤] ابن عساکر، تاريخ دمشق، ج٧٤، ص١٧٩.

[٥] ناجي معروف، م، س، ص٧.

[٦] المقريزي، م، س، ج٤، ص٢٠٠.

[٧] بۆ زانینی زیاتر سەبارەت بەم خوێندنگایانە بڕوانە، (المقريزي، م، س، ج٤، ص٢٠٠-٢٠١).

[٨] مەبەست لە جەزیرەی (ابن عمر) ە، شارێك بووە دەکەوتە سەروی موسڵەوە ماوەی نێوان ئەم شارە و موسڵ سێ ڕۆژە ڕێگابووە بە پێ، حەسەنی کوڕی عومەری کوڕی خەتاب بونیادی ناوە، تەنها یەك لای نەبێت لاکانی تری ئەم شارە بە ئاوی ڕووباری دیجلە دەورەدرابوون. (الحموي، م، س، ج٢، ص١٣٨).

[٩] المقريزي، م، س، ج٤، ص٢٠٠.

## باسی سێیەم

## خوێندنگه نیزامیەکان، نیزامیەی بەغداد وەک گرنگترین لقیان

لەسەر بنچینەی ئەو بۆچوونەی بەشێکی زۆر لە مێژوونووسان گەشەکردنی ڕاستەقینەی قوتابخانە دەگێڕنەوە سەردەمی نیزامولملوکی وەزیری سەلجوقی،[١] ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەی لەناوچە جیاوازەکانی دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی دامەزراوە و بە خوێندنگه نیزامیەکان ناسراون، ئێمەش لەو ڕوانگەیەوە ئاماژە بە ناوی ئەو خوێندنگایانە و گرنگترین لقیان دەکەین.

سەبارەت بەدیاریکردنی گرنگترین خوێندنگه نیزامیەکان، بەلەبەرچاو گرتنی گرنگی و بایەخی ئەو خوێندنگایانە زۆرێك لە مێژوونووسان لە دووتوێی پەڕەی پەرتووکەکانیاندا ئاماژەیان بەو خوێندنگایانە کردووە، چونکە ئەو خوێندنگایانە تەنها لە بەغداد و ناوچەکانی نزیك لە پایەتەختی خیلافەت دانەمەزراون، بەڵکو زۆرێك لەناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی گرتوەتەوە، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەو شارانەی کەوتبوونەژێردەسەڵاتی سەلجوقیەوە،[٢] چونکە ناوەندی ئاراستەکردنی بیرو هزری ئەو دەسەڵاتەبوون، بەتایبەت بینیان بوار و بۆشای و کەشێکی لەبار هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری سونی، بەهۆی بوونی ئەو ڕەوتە شیعیە بەربڵاوەی هەبووە لە ناوچەکانی ئێران و عێراق و شام تاوەکو میسری فاتیمی، وەزیری سەلجوقی دامەزراندنی خوێندنگەکانی وەك هۆکارێکی بەهێزی هزری خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە لقی ئەو خوێندنگایانە تەواوی ئەوناوچە جوگرافیا جیاوازانەی گرتەوە و وەك تۆڕێکی زانستی لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی وەزیری دامەزرێنەردا کاریان دەکرد، چونکە خۆی بڕیاری لەسەر دابوون وەك (السبكي) ئاماژەی پێدەکات"ئەو فەرمانڕەوا و کاربەدەست بوو، کۆڕ و دانیشتنەکانی پڕبوون لە زانایان".[٣]

خواجەی وەزیر جگە لەدامەزراندنی ئەو خوێندنگایانەی کە ئاماژەمان پێکردن لەهەریەك لەناوچە و شارەکانی تری ژێردەسەڵاتی عەباسی و سەلجوقی،[٤] لەگەڵ ئەو خوێندنگایانەدا نەخۆشخانە و مزگەوت[٥] و (الرباطات)[٦] هەندێ ماڵ و شوێنی بۆ هەژار و لێقەوما و ئەوانەی بۆ خوێندن

[١]- السبكي، م، س، ج٤، ص٣١٤.
[٢]- محمد أسعد، م، س، ص١١٠.
[٣]- م، س، ج٤، ص٣١٣.
[٤]- ن، م، ج٤، ص٣١٣.
[٥]- ابن الجوزي، م، س، ج١٦، ص٣٠٤.
[٦]- الربطات، واتای جیاوازی هەیە، لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ئەو ماڵانەن کە هەژاران و ئەوانەی بۆ پەرستش و فێربوون تێیدا دەمانەوە، وەك (رباط البغدادية للشيخة زينب البغدادية) دروستکراوە لە ٦٨٤ك..لەگەڵ ژمارەیەك لەو ئافرەتانەی بۆ خوێندن و خواپەرستی تێیدابوون دەمانەوە، لە ڕۆژئاوای ئیسلامی شوێنێکی سەربازی بووە چواردەورێکی فراوانی هەبووە و ژوورێکی تێدا بووە لە نهۆمێك یاخود دوو نهۆم پێکهاتبوو، بەشی سەرەوەی بەکارهاتووە بۆ بانگدان و چاودێری کردنی کەناراوەکان لەبەر مەترسی هێرشی کەشتی گەلی لەلایەن ڕۆمەکانەوە، (الرباط) قەڵایەکی بەرگریە ناوەکەشی لە (مرابطة المجاهدين) ەوە وەرگیراوە. (محمد منير مرسى، التربيه الاسلاميه أصولها وتطورها في البلاد العربية، د، ط، عالم الكتب، د، م، ٢٠٠٥م، ص٣٠٣).

دەمانەوە درووستکردبوو،[١] بەم کارانەی ناو و پایەیەکی باشی بۆ خۆی پەیداکردبوو،[٢] (المقريزي) دەڵێت" خێرێکە هیچ کەس پێش نیزامولملکی وەزیری سەلجوقی نەکەوتووە لەو بوارانەدا.[٣]

**تەوەری یەکەم : نیزامیەی بەغداد**

گەورەترین و بەناوبانگترینی ئەو خوێندنگایانە ناوبانگی زۆر و بەربڵاوی بووبێت خوێندنگەی نیزامیەی بەغداد بووە،[٤] بە گرنگترین خوێندنگەی شوێنکەوتووانی مەزهەبی سونە لەسەردەمی سەلجوقیەکان دەژمێردرێت، بە بەراورد بە خوێندنگە نیزامیەکانی دیکە مێژوونووسان زیاتر گرنگیان بەم خوێندنگەیە داوە و هەواڵ و دەنگوباسیان تۆمارکردووە.

نەك مێژوونوسان بەتەنها بەڵکو ئەو نامە و وتار و گفتوگۆیانەی مامۆستا و خوێندکار و ئەوانەی کاریان لە نیزامیەی بەغداد کردووە نووسراونەتەوە و جارێکی دیکە جێ بایەخی مێژوونووسانن بەهۆی گرنگی ئەم خوێندنگایەوە، (أبو اسحاق الشيرازي) مامۆستای نیزامیەی بەغداد لە گەشتێکی لە بەغداوە بەرەو خۆراسان (٤٧٥ك/١٠٨٢ز) لەنامەکەیدا ئاراستەی خەلیفەی عەباسی و سوڵتانی سەلجوقی مەلیکشای دەکات دەڵێت" نەرۆشتمە هەر وڵات و تەنانەت لادێیەکەوە مەگەر دادوەرەکەی، وتاربێژێکەی، یاخود فەتوادەرەکەی، لە خوێندکارەکانی من بوون".[٥]

نیزامیەی بەغداد کەوتبووە بەغدای پایتەختی خیلافەتەوە، لەوێ توانایەکی باشی ماددی و منیۆکی خرابووە خزمەتی ئەم خوێندنگەوە،[٦] جگە لەو بودجە و دووکان و موڵکانەی داهاتەکەیان تایبەتکرابوون بۆ خزمەتی ئەم خوێندنگایە، بوونی شوێنی تایبەتی وانە وتنەوە و شوێنی حەوانەوە و کتێبخانە کە خودی نیزامولملك پەرتووکی زۆری بەخشی بوو بەکتێبخانەی نیزامیەی بەغداد[٧] واتە گەنجینەی پەرتووکی[٨] هەبووە، کەسی تایبەت تەرخانکرابوو بۆ ئەو کارە وەك(أبا زكرياء التبريزي)،(خازن خزانة الكتب)،[٩] چیرۆك نووسێکی دیار و خاوەن دانراوێکی زۆر بووە، هەروەها (أَبُو يُوسُف الإسفرايني)،[١٠] واتە ئەوانەی وەك مامۆستا و فەرمانبەر لەو خوێندنگایانەدا دادەنران کەسانی خوێندەوار و بەرچاوی کۆمەڵگەبوون.

گرنگی و پێگەیەی نیزامیەی بەغداد وای کردوە زیاتر چاوی مێژوونووسان و تۆمارکردنی باس و خواس و ڕووداو و لێکەوتەهزری و سیاسیەکانی ئەم خوێندنگایە لەنێو دووتوێ ی پەڕەکانیاندا

[١] السبكي، م، س، ج٤، ص٣١٢.
[٢] الطرطوشي، م، س، ص١٢٨.
[٣] م، س، ص٣٤٠.
[٤] ابن جبير، م، س، ص٢٠٥.
[٥] ابن العماد، شذرات الذهب، ج٥، ص٣٢٤.
[٦] بدوي، م، س، ص١٨٩.
[٧] ابن الاثير، م، س، ج٨، ص١٦٦.
[٨] ن، م، ج٨، ص٣١١.
[٩] القزويني، م، س، ص٣٤٠.
[١٠] السبكي، م، س، ج٤، ص٣٥٩.

جێبکەنەوە و شوێنی تایبەتی بۆ تەرخانکەن و بەئێمە بگەن.

لەسەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژەمان بەکاتی درووستکردنی ئەم خوێندنگایە کردووە (٤٥٧-٤٥٩ك/١٠٦٤-١٠٦٦ز)،[١] تەمەنی نزیکەی پێنج سەدە درێژبووە، کاریگەری لەڕووی تەلارسازی و سیستمی وانەوتنەوە لەسەر خوێندنگەکانی پاش خۆی بەڕوونی دیاربوون، هەروەها کاریگەری مامۆستا و دەرچووەکانی هەرایەکی زانستی و ئاینی وای نایەوە دەنگ و سەدای سنوری خیلافەت و دەسەڵاتی سەلجوقی لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتیەوە تاوەکو ئەوپەڕی ڕۆژئاوای بەتەواوی گرتەوە،[٢] یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەبوو لە هەریەك لەو جێگاو شارانەی ئەو خوێندنگایانەی لێبوون.[٣]

ڕێگای گەشتن بە خوێندنگەی نیزامیە لەبەغداد بەئاسانی بەدەست نەدەهات مەگەر خوێندکار و ئەوانەی ئارەزوویان هەبوو بیگەنێ ناو و ناوبانگێکی زانستی ودیاریان هەبوایە، بیانتوانیایە بەهۆی توانا زانستیەکەیانەوە پلە و پێگەیەك لە کۆڕی وەزیری سەلجوقی بەدەستبهێنن،[٤] ئەوەش بەهۆی ئەو ناوە گەورە و زانستیەی نیزامیەی بەغداد لەو کاتەدا هەیبووە و زیاتر وەك خوێندنگەیەکی فەرمی سونی مەزهەب ناسرابوو.

ئەو کاتەی خوێندنگەی نیزامیەیی بەغداد دەکرێتەوە خودی وەزیری سەلجوقی بۆ بەشداری لەو بۆنە گرنگەدا دەگاتە بەغدادی پایتەخت، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو و دیاری گەورە زانایان و خەڵکی ئەو شارە بەشداری ئەو بۆنەیە دەکەن و هۆنەر(شاعیر) و ئەوانەی لەوێدا ئامادەبوون پیاهەڵدان و دوعای خێری زۆریان بۆ وەزیر و هەوڵەکانی کردووە،[٥] بەتەواوەتی نازانرێت چ کاتێك و کێ ئەو ناوەی لەو خوێندنگایە ناوە، بەڵام هۆکاری ناونانی نیزامیەیی بەغداد بۆ ناوی خواجەی وەزیری سەلجوقی دەگەڕێتەوە، (الطرطوشي) ئاماژەی بە بوونی ناوی نیزامولملوك لەسەر ئەو خوێندنگایە کردووە.[٦] هەروەها ئەو مامۆستایانەی لەو خوێندنگەیەدا وانەیان وتوەتەوە بەهەمان شێوە لە زانا و کەسایەتیە زانستیە زۆر دیار و بەتواناکان بوون کە ئەهلی زانست لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای جیهانی ئیسلامیەوە بۆ فێربوون ڕوویان لێدەکردن.[٧]

**تەوەری دووەم: لقەکانی دیکەی خوێندنگە نیزامیەکان**

لە کاتێکدا خوێندنگەکانی دیکە بەو جۆرە لەبارەیانەوە نەنووسراوە، هەرچەندە ئەوەنەبێت ئەو خوێندنگانە بێ ڕۆڵ و گرنگی بووبێتن (أبي شامة) هەموویان بە دیار و بەناوبانگ ئاماژە پێدەکات، هیچ وڵاتێك بێبەش نەبووە لە خێروبێری نیزامولملوك ونەبوونی ئەو خوێندنگایانە تەنانەت شوێنێکی

---

[١] ابن الاثير، م، س، ج٨، ص٢١٢.
[٢] الطرطوشي، م، س، ص١٢٩.
[٣] محمد أسعد، م، س، ص١١٢.
[٤] السبكي، م، س، ج٦، ص٢٠٥.
[٥] القزويني، م، س، ص٣٤٠.
[٦] م، س، ص١٢٩.
[٧] ابن العماد، م، س، ج٥، ص٣٢٤.

وەك (جزيرة ابن عمر) ئەو بە شوێنێك لە بنمیچێكی زەوی ناوی دەبات خوێندنگەیەكی گەورەی نیزامیەی تێدابووە.[١]

خوێندنگەی نەیسابوور لە خۆراسان نیزامولمولكی وەزیر بۆ (إمام الحرمين) ی بونیادناوە لەدوای گەڕانەوەی بۆئەو شارە، پێشتر و لەسەردەمی (عميدالملك) ی وەزیری (طغرالبك) ئاوارە بوو، لەهەرزنجیرە وانە وتنەوەیەكیدا سێسەد خوێندكار(فقيه) ی لەچواردەور بووە، لەوانەش (أبي حامد الغزالي) دەرچووی ئەو خوێندنگایە بووە، كە زانایەكی گەورە و كەسایەتیەكی پایە بڵندی مێژووی ئیسلامە،[٢] (إِمَام الْحَرَمَيْنِ) ی مامۆستای غەزالی بە دەریایەكی قوڵی زانست ناوی دەبات،[٣] دواتر و لەكۆتاییەكانی تەمەنیدا بوو بە مامۆستای هەمان خوێندنگە و وانەی تێدا وتوەتەوە.[٤]

بەهۆی ئەوەی شاری ئەسفەهان لەهەرێمی خۆراسان مەڵبەندێكی گرنگی بازرگانی و ناوەندێكی زانستێكی بوو، هەروەها دەكەوتە ناوەندی ئێرانەوە، پێگە جوگرافیەكەی شوێنی چاوتێبڕینی سوڵتان و خواجەی وەزیر بوو،[٥] هەوڵەكانی نیزامولمولك بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی ئەوشارە هاوتا بوو لەگەڵ لایەنەكانی دیكەی شارستانی ئەو شارە، خزمەتەكانی وەزیر گەشتە خوێندكاران و لایەنگرانی هونەر و وێژە، وایلێهات ماڵێك نەمایەوە وشەی تێدا نەنووسرێتەوە و نوكتە و قاقای پێكەنینی شەوگەڕو كۆڕی هونەریان نەبیسترێ، لە دوای سەدەی پێنجەمی كۆچی/یازدەیەمی و كردنەوەی نیزامیەی ئەسفەهان لەلایەن خواجەی وەزیرەوە ئیتر خوێندەوارانی ئەوشارە دەڕۆشتنە دەرەوە بۆ وەرگرتنی زانست و وڵات بە وڵات بۆ زانیاری دەگەڕان.[٦]

نیزامولوك خوێندنگەی مەرو ی دامەزراند و وانە وتنەوەی سپارد بە (أبي المظفر بن السمعاني)، ئەو زانایە ساڵی (٤٦٨ك/١٠٧٥ز) گەشتیكرد بۆ شاری مەرو، (الحموي) ساڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز) لە گەشتێكی بۆ شاری مەرو، مانەوەی بۆ سێ ساڵ لەوێ باس لە لایەنی زانستی و گەنجینەیەك لە پەرتووك لە خوێندنگەی مەرو و ژمارەیەكی زۆر لە كتێب دەكات.[٧]

نیزامیەی بەسرە و نیزامیەی موسڵ لەلایەن مێژوونووسانەوە ئاماژەیان پێكراوە، بەتایبەت خوێندنگەی موسڵ زۆرێك لە زانایانی ئەو شارەو ئەوانەی وانەیان تێدا وتووەتەوە ناویان لە پەرتووكە مێژوویەكاندا هاتووە،[٨] هەروەها خوێندنگەی هەرات لەناوچەی سنوری باكوری ئەفغانستانی ئێستابووە، (أبوبكر الشاشي) بەفەرمانی خواجەی وەزیر لە شاری هەرات وانەی تێدا وتوەتەوە.[٩] خوێندنگەی بەڵخ لە خۆراسان و خوێندنگەی ئەمەل لە تەبەرستان.

---

[١] م، س، ج١، ص٩٨.
[٢] القزويني، م، س، ص٣٥٣.
[٣] السبكي، م، س، ج٦، ص١٩٦.
[٤] ن، م، ج٦، ص٢٠٠.
[٥] الاصفهاني، محاسن أصفهان، تحقيق، عارف أحمد عبد الغني، ط١، دار كنان، بغداد-عراق، ٢٠١٠م، ص١٩.
[٦] الحموي، م، س، ج٥، ص٣١.
[٧] ن، م، ج٥، ص١١٤.
[٨] السبكي، م، س، ج٨، ص١١٤.
[٩] ن، م، ج٤، ص١٩٠.

## ئەنجام:

- زانستە جیاوازەکانی جگە لەزانستە ئیسلامیەکان بەرلەم خوێندنگە نیزامیانەش گرنگیان پێدراوون، وەك بابەتە وەرگێڕدراوەکانی(بیت الحكمة)، خوێندنگە نیزامیەکان درێژەپێدەری زانستە شەرعیەکان و ئەوانەش بوون کە لەدەرەوەی مزگەوتەکاندا دەخوێندران، دواتر بابەتی زانستی دیکەی وەك بیرکاری و پزیشکیشیان تێدا خوێندراوە.
- ئامانجی ئاینی، زانستی، کارگێڕی هۆکاری دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانە بوون،ڕێگری و ڕووبەڕووبوونەوەی تەوژمی شیعە خۆی لەهۆکاری ئاینیەکەدا دەبینیەوە و پاڵنەری دامەزراندنی نیزامیەکان بوو، بەشێکی زۆری ئەو ئامانجانەی ئەو خوێندنگایانەی لەپێناودا بۆ دامەزرابوون بەدیهاتن و ڕەگدانەوەیان لە کۆمەڵگەو جیهانی ئیسلامی پاشتردا بەڕوونی دەرکەوتن.
- وێڕای بوونی ڕای جیاوازی مێژوونووسان لەسەر بوون و نەبوونی خوێندنگەی ڕێکخراو و تایبەت لە چوارچێوە و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام خوێندنگە نیزامیەکان بە کۆنترین و ڕێکخراوترین خوێندنگەی جیا لەمزگەوت لە جیهانی ئیسلامیدا دادەنرێن.
- لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە خەڵکی بۆ فێربوون و زانایان بۆ زیاتر پێشکەوتنیان ڕوویان لەبەغداد دەکرد، ئەو شارە بەدرێژایی مێژوو پارێزگاری لە بەها و پایەی زانستی خۆی کردوە، پێگەی بەغداد و ناوەندی بوونی ئەو شارە لەدەسەڵاتی خیلافەتی عەباسیدا وایکرد یەکەم و گرنگترینی خوێندنگە نیزامیەکان لە خۆبگرێت،
- هزری ئەم خوێندنگایانە لە بۆتە و چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا لە مێژووی ئەوکاتەی جیهانی ئیسلامی و دروستبوونی زۆر کەسایەتی وەك(غەزالی) و مێژوویەکی دواتری وەك(ابن تيمية) ی لێکەوتەوە و پابەندیەتی زۆر تەوژم بیری ئێستاشی پێوە پەیوەستە، کەناکرێت مێژوو ڕاگوزەر بکرێت بێ هەڵوێستەکردن و لەسەر وەستان و لێکۆڵینەوەی ئەو بیرە و هێزومەودای کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەو خوێندنگایانە بۆسەر جیهانی ئیسلامی بەگشتی.

## سەرچاوەکان

قورئانى پيرۆز.

أحمد بن عبد الوهاب بن محمد بن عبدالدائم القرشي التيمي البكري، شهاب الدين النويري (ت ٧٣٣هـ):

١. نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٤٢٣هـ

أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي الخطيب البغدادي (ت ٤٦٣ هـ):

٢. تاريخ بغداد، المحقق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت-لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢م.

أحمد بن علي بن عبدالقادر، أبو العباس الحسيني العبيدي، تقي الدين المقريزي (ت ٨٤٥ هـ):

٣. المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والأثار، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، الطبعة الأولى، ١٤١٨هـ

أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي البصري ثم الدمشقي (ت ٧٧٤ هـ):

٤. البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبد المحسن التركي، دار هجر، الطبعة: الأولى، ١٩٩٧م.

تاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدين السبكي (ت ٧٧١ هـ):

٥. طبقات الشافعية الكبرى، المحقق: د. محمود محمد الطناحي، د. عبدالفتاح محمد الحلو، هجر للطباعة، الطبعة: الثانية، ١٤١٣هـ

جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد الجوزي (ت ٥٩٧ هـ):

٦. المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، المحقق: محمد عبدالقادر عطا، مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة: الاولى، ١٩٩٢م.

زكريا بن محمد بن محمود القزويني (ت ٦٨٢ هـ):

٧. أثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، بيروت، بدون مكان و سنة الطبعة.

أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت ٦٧٦هـ):

٨. روضة الطالبين وعمدة المفتين، تحقيق: زهير الشاويش، المكتب الإسلامي، بيروت- دمشق- عمان، الطبعة: الثالثة، ١٩٩١م.

أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن إبراهيم بن أبي بكر ابن خلكان البرمكي الإربلي (ت ٦٨١ هـ):

٩. وفيات الاعيان و أنباء أبناء الزمان، المحقق: إحسان عباس، دار صادر، بيروت، الطبعة: الاولى، ١٩٠٠م.

شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي (ت ٧٤٨ هـ):

١٠. سير أعلام النبلاء، تحقيق: مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط، تقديم: بشار عواد معروف، مؤسسة الرسالة، الطبعة: الثالثة، ١٤٠٥ هـ - ١٩٨٥ م.

شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي (ت ٦٢٦ هـ):

١١. معجم البلدان، دار صادر، بيروت، الطبعة: الاثانية، ١٩٩٥م.

أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمان بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي الدمشقي المعروف بأبي

شامة (ت ٦٦٥ هـ):
١٢. الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، المحقق: إبراهيم الزيبق، مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٧م.
صدر الدين علي بن علي بن محمد بن أبي العز الحنفي(ت ٧٩٢هـ):
١٣. شرح العقيدة الطحاوي(للإمام العلامة أبو جعفر أحمد بن محمد بن سلامة الطحاوي)، حققه وخرج أحاديثه: أبو عبدالله مصطفى بن العدوي، دار إبن رجب، دون مكان الطبعة، الطبعة: الأولى، ٢٠٠٢م.
صلاح الدين خليل بن أيبك بن عبدالله الصفدي (ت ٧٦٤ هـ):
١٤. الوافي بالوفيات، المحقق: أحمد الارناؤوط و تركي مصطفى، دار إحياء التراث، بيروت، بلا طبعة، ٢٠٠٠م.
عبد الحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العكري الحنبلي، ابو الفلاح (ت ١٠٨٩ هـ):
١٥. شذرات الذهب في أخبار من ذهب، حققه: محمود الأرناؤوط، دار ابن كثير، دمشق-بيروت، الطبعة: الاولى، ١٩٨٦م.
أبو محمد عبد الرحمن بن محمد بن إدريس بن المنذر التميمي، الحنظلي، الرازي ابن أبي حاتم (ت ٣٢٧هـ):
١٦. العلل لابن أبي حاتم، تحقيق: فريق من الباحثين بإشراف وعناية د. سعد بن عبد الله الحميد و د. خالد بن عبد الرحمن الجريسي، مطابع الحميضي، الطبعة: الأولى١٤٢٧ هـ - ٢٠٠٦ م.
أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عزالدين ابن الأثير (ت ٦٣٠ هـ):
١٧. الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، الطبعة: الأولى، ١٩٩٧م.
محمد بن علي بن محمد المعروف بابن العمراني (ت ٥٨٠ هـ):
١٨. الإنباء في تاريخ الخلفاء، دار الافاق العربية، القاهرة، الطبعة: الأولى، ٢٠٠١م.
محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى (ت ٧١١هـ):
١٩. لسان العرب، الحواشي: لليازجي وجماعة من اللغويين، دار صادر، بيروت-لبنان، الطبعة: الثالثة - ١٤١٤ هـ
أبو عبدالله محمد بن أحمد المقدسي البشاري:
٢٠. أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، دار صادر، بيروت-لبنان، الطبعة الثالثة، ١٩٩١م.
ابن جبير، محمد بن أحمد بن جبير الكناني الأندلسي، أبو الحسين (ت ٦١٤ هـ):
٢١. رحلة ابن جبير، دار بيروت، بيروت، الطبعة الأولى، بدون سنة.
أبو بكر محمد بن محمد ابن الوليد الفهري الطرطوشي المالكي (ت ٥٢٠هـ):
٢٢. سراج الملوك، المطبوعات العربية-مصر، بدون الطبعة والسنة.

عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (ت ٩١١هـ):
٢٣. تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، حققه: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة، دون مكان، دون الطبعة وسنة.
المفضل بن سعد المافروخي الاصفهاني:
٢٤. محاسن أصفهان، تحقيق:عارف أحمد عبد الغني، دار كنان، بغداد-عراق، الطبعة الاولى، ٢٠١٠م.
نظام الملك الطوسي (ت ٤٨٥هـ):
٢٥. سير الملوك (سياست نامة)، ترجمة: يوسف بكار، دار المناهل، بيروت-لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٧م.

المراجع:
جورج مقدسي:
٢٦. نشأة الكليات (معاهد العلم عند المسلمين وفي الغرب)، ترجمة: محمود سيد محمد، مراجعة: محمد علي حبشي و عبدالوهاب ابراهيم ابو سليمان،تقديم: بشير موسى نافع، مدارات للأبحاث والنشر، القاهرة-مصر، الطبعة الأولى، ٢٠١٥م.
حسن إبراهيم حسن:
٢٧. تاريخ الإسلامي السياسي والديني والثقافي والإجتماعي، (العصر العباسي الثاني في الشرق ومصر والمغرب والأندلس (٢٣٢-٤٤٧هـ/ ٨٤٧-١٠٥٥م))، دار الجيل-بيروت، مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، الجزء الثالث، الطبعة الرابعة عشرة، ١٩٩٦م.
حسين امين:
٢٨. تاريخ العراق في العصر السلجوقي، مطبعة الارشاد، بغداد، بدون الطبعة، ١٩٦٥م.
خالد كبير علال:
٢٩. الأزمة العقيدية بين الأشاعرة وأهل الحديث خلال القرنين ٥-٦ الهجريين(مظاهرها، أثارها، أسبابها، والحلول المقترحة لها)، دار الإمام مالك، البليدة-جزائر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥م.
خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس، الزركلي الدمشقي (ت ١٣٩٦هـ):
٣٠. الأعلام، دار العلم للملايين، بدون مكان الطبعة، الطبعة الخامسة عشر، ٢٠٠٢م.
عبدالمنعيم حسنين:
٣١. سلاجقة إيران والعراق، مكتبة النهظة المصرية، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٩٥٩م.
عبدالهادي محمد رضا محبوبة:
٣٢. نظام الملك (الحسن بن علي اسحق الطوسى (٤٠٨-٤٨٥هـ) كبير الوزراء في الامة الاسلامية، الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الأولى، ١٩٩٩م.
عبدالمجيد أبوالفتوح بدوي:
٣٣. التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الإسلامي من القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد، دار الوفاء، المنصورة-مصر، ط٢، ١٩٨٨م.

محمد أسعد طلس:
٣٤. التربية والتعليم في الإسلام، دون الطبعة، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة-مصر، ٢٠١٤م.
محمد عبدالله أحمد القدحات:
٣٥. الحياة الاجتماعية في بغداد في العصر العباسي الأخير (٥٧٥-٦٥٦هـ/ ١١٧٩-١٢٥٨م)، دار البشير، عمان-الاردن، بدون الطبعة، ٢٠٠٥م.
محمد منيرمرسى:
٣٦. التربية الإسلامية أصولها وتطورها في البلاد العربية، عالم الكتب، دون الطبعة، ٢٠٠٥م.
محمود شكري الالوسي:
٣٧. تاريخ مساجد بغداد واثارها، تهذيب: محمد بهجة الأثري، مطبعة دار الاسلام، بغداد، بدون الطبعة، ١٩٢٧م.
يحيى محمد نبهان:
٣٨. معجم مصطلحات التاريخ، يافا للنشر والتوزع، عمان-اردن، الطبعة الاولى، م٢٠٠٧.
وزارة الأوقاف والشؤن الإسلامية-الكويتية:
٣٩. الموسوعة الفقهية، طباعة ذات السلال، الكويت، الطبعة: الثانية، ١٩٨٣م.
ناجى معروف:
٤٠. نشأة المدارس المستقلة في الإسلام، مطبعة الازهر، بغداد، بدون الطبعة، ١٩٩٦م.
نورالدين محمد عتر الحلبي:
٤١. علوم القرأن الكريم، مطبعة الصباح، دمشق، سورية، الطبعة الاولى، ١٩٩٣م.